عەبدوڵڵا عەنزی

# سیستمی فیدرال لەدەوڵەتی ئیماراتدا

## لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکار

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە:

**سەردار عەبدولکەریم**

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١١

سیستمی فیدرال لەدەوڵەتی ئیماراتدا

نوسینی: عەبدوڵڵا عەنزی

و. لەعەرەبییەوە: سەردار عەبدولکەریم

بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ـ ٢٠١١

ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (١٥٣٩) ساڵی ٢٠١١

لە دەزگای چاپو پەخشی حەمدی چاپکراوە

دیزاین: ئەمیرە عومەر

تیراژ: (٤٠٠٠)

ژمارەی زنجیرە: (٢١)

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابینكردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لەبوارە هەمەجۆرەكاندا.

**سەرپەرشتیاری زنجیرە: تەحسین نامیق**

# سیستمی فیدرال
# لەدەوڵەتی ئیماراتدا

لەم سەردەمەدا دەوڵەتانی جیهان دابەش بون بەسەر دەوڵەتی ناوەندیو دەوڵەتی فیدرالدا. تعیّمە جورف بەجۆرە پێناسەی دەوڵەتی ناوەندی دەکا ((دەوڵەتێکە یەك بارستەی دەستوریو یاسایی هەیەو ملکەچی یەك حکومەتی ناوەندیە کە بەبێ رکابەر کاروباری ناوخۆییو دەرەکی هەڵدەسورێنێ)) (الجرف ١٩٦٤).

یەحیا جەمەلیش دەوڵەتی فیدرال وا پێناسە دەکا کەکۆمەڵێك دەوڵەتۆکەیە یان کۆمەڵێك ویلایەتە لەهەندێ کاروباردا ملکەچی یەك دەسەلاتی یەکگرتوونو لەهەندێ کاروباری تردا سەربەخۆنو ملکەچی دەسەلاتی تایبەتی خۆیانن (الجمل ١٩٧٧، ٤١).



یەکێتی فیدرالی نێوان دەوڵەتانو دەوڵەتۆکەکان لەسەردەمی مۆدێرندا یەکێکە لەو سیستەمە هەرە باوانەی کە بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە پێکدێ. لەڕوی تیۆریەوە دەوڵەتی میرنشینە عەرەبەکان (ئیمارات) بەدەوڵەتێکی فیدرال دەژمێردرێ. ماددەی یەکی دەستوری کاتی دەڵێ دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب دەوڵەتێکی فیدراڵی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییەو لێرە بەدواوە لەدەستورەکەدا بەیەکێتی یان بەفیدراسیۆن ناوی دێت .[١]

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەم میتۆدە دەڕوا کەدەوڵەتی ئیمارات دەوڵەتێکی فیدرالەو ئەو پەیوەندیە تایبەتەی تێدا هەڵدەکەوێ کەهەمو هەرێمە ئەندامەکانی ئەم چەشنە فیدراسیۆنە پێکەوە دەبەستێتەوە. لەچوارچێوەی ئەم

[١] بۆ زانیاریی زۆرتر بچۆرەوە سەر: الدستور المؤقت للامارات العربية المتحدة، وزارة الاعلام، ابو ظبي، المطبعة العصرية، ١٩٧٢، ص٢.

گریمانەیەدا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەزانینی گرنگترین ئەو هۆکارانەی کەکاریان کردۆتە سەر پەیدابونو پێکهێنانی فیدراسیۆنەکەو تاوتوێکردنی دامودەزگا سیاسیە فیدرالیەکانو ئەرکەکانیانو بەراوردکردنیان لەگەڵ دامودەزگای هاوشێوەی خۆیان لەئەمریکاو دەرخستنی لایەنەکانی لێکچونو جیاوازی نێوانیان، هەروەها تیشك خستنە سەر پەیوەندی نێوان میرنشینەکانی فیدراسیۆنەکەو دەوڵەتی فیدرالو رەنگدانەوە دەستوریەکانی ئەم پەیوەندیە بەو جۆرەی کەئەندرێ هۆریۆ دەستنیشانیان دەکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە میتۆدەکەی مەیدانیەو پشت ئەستورە بەچەردەیەك چاوپێکەوتنو دیدار لەگەڵ ژمارەیەك لەکەسایەتیە سیاسیو ئەکادیمیو لێکۆڵەرە سیاسیەکان کە بایەخ بەکاروباری فیدراسیۆنی ئیمارات دەدەن. لەلایەکی تریشەوە، لێکۆڵینەوەکە ئەکادیمیەو پشت



ئەستورە بەگرنگترینی ئەو توێژینەوانەی کە لەدەوڵەتی ئیماراتیان کۆڵیوەتەوە.

بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کەئەزمونی فیدرالی دەوڵەتی ئیمارات لەئەزمونە تایبەتەکانی جیهانی عەرەبە چونکە جیهانی عەرەب چەند ئەزمونێکی یەکگرتنی بەخۆوە دیوە کەسەرکەوتو نەبون بەڵام ئەزمونی ئیمارات تەمەنی دەوروبەری چل ساڵ دەبێو هەلومەرجی ناوخۆییو گوشاری دەرەکی رۆڵی هەبو لەخێرایی پێکهێنانی فیدراسیۆنەکە. تائێستا زۆر توێژینەوەی بەنرخ دەربارەی هەلومەرجی پێکهێنانی فیدراسیۆنەکە نوسراوە لەوانە توێژینەوەکەی وەحید رەئفەت: ((میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب: تاوتوێکردنی دەستوری کاتی))و هەروەها لێکۆڵینەوەکەی عومەر خەتیب: ((ئەزمونی فیدرالی ئیمارات لەنێوان دەقە دەستوریەکانو پراکتیزەکردنی سیاسیدا))و هەروەها لێکۆڵینەوەکەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی یەکێتی عەرەب بەناونیشانی

((ئەزمونی دەوڵەتی ئیمارات))و هەروەها لێکۆڵینەوەکەی عەلی خەلیفە کەئەمە ناونیشانەکەیەتی بەزمانی ئینگلیزی: The United Arab Emarates: Unity in Frag mentation ئەم لێکۆڵینەوەیە تێزی دکتۆرا بووە.

جگە لەمانە چەندین توێژینەوەی تریش هەیەو ئەم لێکۆڵینەوەیە تەواوکەری لێکۆڵینەوەکانی پێشووە بەڵام ئێمە تێیدا دەچینە سەر باسکردنی لایەنێکی تر ئەویش بەستنی لایەنی تیۆریە بەو پێوەرانەی کە لەمەوبەر چەند لێکۆڵەرەوەیەك بەکاریان هێناوە وەك ئایڤۆد دەنچەك، کەی. سی. وێرو هەروەها ئەندرێ هۆریۆ لەپێناسەکردنی فیدرالیزمو تاوتوێکردنی ئەو پەیوەندیە ناوخۆییانەی لەفیدرالیزم دەکەوێتەوە. هەروەها ئەم توێژینەوەیە پشت ئەستورە بەدەروازەی یاسایی دەستنیشانکردنی دامودەزگا سیاسیەکانو ئەرکەکانیانو ئەو بنەما دەستوریانەی کەرژێمی فیدرالی ئیمارات لەرژێمەکانی تر جیا دەکەنەوە کە لێرەدا یاسا لەهەر ئاستێکدا کۆنترۆڵی گەوهەرو



هەنگاوەکانی کاری سیاسی دەکا، سەرباری بەکارهێنانی شێوازی بەراوردکار لەکاتی تاوتوێکردنو شیکردنەوەی دامودەزگا سیاسیەکانی ئیماراتو بەراوردکردنیان لەگەڵ دامودەزگا هاوشێوەکانی خۆیان لەئەمریکا (ربیع ١٩٨٧، ١٨٨).

شتێکی ئاشکراشە کەدیاریکردنی لایەنەکانی لێکچونو جیاوازی لەرێی بەراوردکاریەوە، وێنایەکی رۆشنتر دەربارەی دیاردە لێکۆڵراوەکان پێشکەش بەلێکۆڵەرەوە دەکات (ربیع ١٩٨٧، ٢٥٦-٢٥٧) بەمەبەستی ناسینی سروشتی رژێمە فیدرالیەکەو گرنگترینی ئەو کێشەو تەنگوچەڵەمانەی کەدێنە بەر رێگای.

فیدراسیۆنی ئیمارات لەحەوت ئەندام پێکدێ کەئەمانەن: ئەبو زەبی، دوبەی، شارجە، راسولخەیمە، فجێرە، عەجمانو ئەمولقیوین. روبەری هەمو دەوڵەتەکە دەوروبەری ٧٨,٠٠٠ کیلۆ مەتری دوجایە. هاتنە کایەی فیدراسیۆن

بەرێکەوت نەبوو بەڵام زادەو دەرهاوێشتەی چەندین هەوڵدان بوو بۆ یەکگرتن. لەو هەوڵانە، هاتنە کایەی ئەنجومەنی میرنشینە ئاشتبووەکان بوو لەساڵی ١٩٥٢دا لەژێر سەرپەرشتی بریتانیاو ئامانج لێی پەیداکردنی جۆرە هاوکاریەك بوو بۆ چارەسەرکردنی گرفتە بنچینەییەکانی ناوچەکە لەڕوی ئیدارەو ئاسایشی ناوخۆو پرۆژەوە کەئەمەش چەشنە یەکێتیەکی کۆنفدراڵی بوو.

لەماوەی نێوان ١٩٥٢-١٩٦٨دا ئەنجومەنەکە نزیکەی ٣٠ کۆبونەوەی کردو لەئەنجامدا زێرەڤانی لیواری میرنشینە ئاشتبووەکان پێکهات کەهێزێکی ئەمنی بوو و لەساڵی ١٩٥٢دا دامەزرا. لەکۆبونەوەکانی ئەم ئەنجومەنەدا پرسە گەوهەرییەکان بەقوڵی تاوتوێ نەکرانو هیچ چارەسەریش بۆ ئەو گرفتانە پێشکەش نەکرا کەئەم شێخ نشینانە دوچاری ببون وەك تەندروستیو فێرکاریو کارەبا (khalifa 1979. 24-27). بۆ ئەوەی بڕیارەکان جێبەجێ بکرانایە. دەبوایە بەتێکڕای دەنگ بن. لەئاکامی



دامەزراندنی هێزە ئەمنیەکەو هەروەها لەئاکامی دامەزراندنی ئۆفیسی پەرەپێدان لەساڵی ١٩٦٥دا بیرۆکەی یەکگرتنی میرنشینەکان پاش کشانەوەی بریتانیا لەکەنداو لەکۆتایی ساڵی ١٩٧١ هاتە ئاراوە.

## ڕێککەوتننامەی دوبەیو یەکێتی نۆ قۆڵی

لەکاتی هێرشی بریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیل بۆ سەر میسر، سەرەك وەزیرانی ئەوسای بریتانیا ئەنتۆنی ئیدن ڕایگەیاند کە بریتانیا لەکاتی پێویستدا بونو پێگەی خۆی لەکەنداوی فارس دەپارێزێ. لەساڵی ١٩٦٣دا ئەندامی پارتی کرێکارانی بریتانیا کرستۆفەر میهۆ کەساڵی ١٩٦٤ بوە وەزیری هێزی دەریایی، ڕایگەیاند کەپێویستە لەسەر بریتانیا مافی چارەی خۆنوسین بۆ میرنشینەکانی کەنداوو ناوچەی عەدەن بسەلمێنێ (الداوود ١٩٣٠، ١٥٧).

لەو ماوەیەدا گۆڕانێکی زۆر بەسەر رەوشی نێودەوڵەتیو ناوچەییو لۆکالدا هات کەوای لەبریتانیا کرد سیاسەتی خۆی بگۆڕێتو لەساڵی ١٩٦٨دا رایگەیەنێت کە لەماوەی سێ ساڵی داهاتودا لەناوچەی کەنداو دەکشێتەوە. لەو گۆڕانکاریانە، پەرێشانبونی بریتانیا پاش جەنگی سوێسو شکستە سوپاییەکانی لەیەمەنی باشورو پاشان کشانەوەی لەیەمەنو راگەیاندنی سەربەخۆیی یەمەنی باشور لەساڵی ١٩٦٧دا، گرژبونی پەیوەندیەکانی نێوان بریتانیاو ئێران، ململانێی چەکداری نێوان سعودیەو بریتانیا لەسەر مێرگی بریمی لەپەنجاکاندا، شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ی عێراق کەرژێمێکی دژ بەرۆژئاوای لەعێراق هێنایەسەر کارو هەروەها کۆتایی هاتنی رژێمی پاشایەتی لەیەمەنی باکور لەساڵی ١٩٦٣دا.

لەسەر ئاستی لۆکال، شۆڕشی زەفار لەئارادا بوو کە داوای سەربەخۆیی عومانو کەنداوی فارسی دەکردو پەیڕەوی لەخەباتی چەکدار دەکرد. جگە لەمە، لەپایزی



١٩٦٧دا راپەڕینو خۆپیشاندان سەرتاسەری عومانو عەدەنو دوبەی گرتەوە. ئەمانە هەموی دەریخست کەبازرگانیو فێرکاریو هۆشیاری سیاسی لەم ناوچەیەدا گەیشتۆتە چ ئاستێك، سەرباری ئەوەی کەلێشاوی سامانی پەترۆڵو یەدەکە زەبەلاحەکەی وای لەدەوڵەتە دەستڕۆیشتووەکان کرد بە بەرنامەکانی خۆیاندا بچنەوەو نەخشەی درێژخایەن بۆ ئایندەی کەنداو بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان دابنێن ( Abdullah ١٩٧٨, ٧١-٨١).

ئەم فاکتەرانە بریتانیایان هاندا کشانەوەی خۆی رابگەیەنێو پاش ئەویش ئەمریکا وەك زلهێز جێی گرتەوەو ئەرکی بەرپەرچدانەوەی تەوژمی چەپگەرای گرتە ئەستۆو روبەڕوی ئەو دەستکەوتانە بۆوە کەیەکێتی سۆڤێت لەعەدەنو عێراق بەدەستی هێنابوو. لەگیروگرفتەکانی تریش کەڕوبەڕوی ئەمریکا بۆوە: نەبونی شێوە پێکەوە

ژیانێك لەنێوان عەرەبو ئێراندا، ترس لەڕودانی شێواوی تایفەگەری لەناوچەکەدا، دابەزینی ئاستی بریتانیا لەزلهێزەوە بۆ دەوڵەتێکی پلە دوو. هەمو ئەمانە بونە هۆی بیرکردنەوە لەهێنانەدیی کۆنفدراسیۆنێك لەنێوان شێخ نشینە ئاشتبووەکانی کەنداو بۆ روبەڕوبونەوەی ئایندەی نادیار. ئیتر وردە وردە ئەو بڕوایە پەیدا بوو کەهاوکاری نێوان ئەم شێخ نشینانە- سەرەڕای ناکۆکیەکانی نێوانیان- شتێکی پێویستە. سەرباری ئەمە، عەرەبستانی سعودیەو کوێتیش پشتگیریان لێ دەکرد. پاشان میسریش پشتگیری دروستکردنی ئەو یەکێتیەی کرد بەو مەرجەی یەکێتیەکە سەرتاپای لەنێوان عەرەبەکاندا بێ بۆ ئەوەی عەرەبایەتیی کەنداوی پێ بپارێزرێ (العقاد ١٩٩١، ٣٦٥-٣٦٩).

بڕیاری کشانەوەی بریتانیا فەرمانڕەواکانی هەموو میرنشینەکانی سەرسام کرد. ئیدی دەبوایە روبەڕوی چارەنوسە تازەکە ببنەوە. بۆیە، لە ١٩ی شوباتی ١٩٦٨دا



هەردو فەرمانڕەوای دوبەیو ئەبوزەبی لەسەر دروستکردنی فیدراسیۆنێك لەنێوانیاندا رێککەوتنو داواشیان لەمیرنشینەکانی تر کرد بچنە پاڵیەوە. لەماوەی ٢٥-٢٧ی شوباتی ١٩٦٨دا یەکەم کۆنگرەی نۆ میرنشینەکە لەمیرنشینی دوبەی بەستراو هەموان لەسەر ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی دوبەی رێککەوتن کەبریتی بوو لەپەیماننامەیەکی کاتی تا ئەو کاتەی دەستورێکی فیدرال پێکدێت. رێککەوتننامەکە لەخاڵی یەکەمدا وای دانابوو ناوی یەکێتیە تازەکە یەکێتی میرنشینەکانی عەرەب بێ. خاڵی دووەمیش باسی لەمەبەستی یەکێتیەکە کردبوو کەبریتیە لەپتەوکردنی پەیوەندیو هاوکاری لەنێوان میرنشینەکانداو رێزگرتنی هەریەکێکیان لەسەربەخۆییو سەروەریی ئەوەی ترو یەکخستنی سیاسەتی دەرەوەو بەکۆمەڵ بەرگری لەیەکتریکردن. ئەم رێککەوتننامەیە ئەو دەسەڵاتە سەرەکیانەی دیاری کردبوو کەسەرپەرشتی یەکێتیەکە دەکەنو بریتی بون لەمانە:

١- ئەنجومەنی باڵا کەئەنجومەنێکە لەفەرمانڕەواکانی میرنشینەکان پێکدێ (ماددەی سێیەم)و ئەرکەکەی بریتیە لەداڕشتنی سیاسەتی باڵای بوارە نێودەوڵەتیو سیاسیو ئابوریەکانو دانانی پەیماننامەیەکی هەمیشەیی بۆ فیدراسیۆنەکە. سەرۆکایەتی ئەم ئەنجومەنەش بەنۆرەو بڕیارەکانی بەکۆمەڵە.

٢- ئەنجومەنی یەکێتی کەدەزگایەکی جێبەجێکاری نزمترەو بەگوێرەی ئەو سیاسەتە باڵایە هەڵسوکەوت دەکا کەئەنجومەنی باڵا دیاری دەکا.

٣- دادگای باڵا کەپێی دەوترێ دادگای باڵای یەکێتیو شێوەی پێکهێنانو دەسەڵاتەکانی ئەم دادگایە یاسا دیاری دەکا بەو مەرجەی کەئەم ڕێککەوتننامەیە لە٣٠ی ئازاری ١٩٦٨، پاش ڕاگەیاندنی یەکێتیەکە، دەست بەجێبەجێکردنی بکرێ. ئەم ڕێککەوتننامەیە عەرەب زۆر بەگەرمو گوڕی پێشوازی لێ کردو بەڕوداوێکی مێژویی گرنگی ناوچەی کەنداو ناوزەد کرا بەڵام ئێران دژی



یەکگرتنەکە بوو چونکە نیازی کۆنترۆڵکردنی بەحرێنی هەبو (رأفت ١٩٧٠، ١-١١).

لەماوەی نێوان سەرەتای ساڵی ١٩٦٨و سەرەتای ساڵی ١٩٧١دا زنجیرەیەك کۆبونەوەی ئەنجومەنی باڵا بەڕێوە چونو هەروەها ئەنجومەنی یەکێتیەکەش واتە دەزگای جێبەجێکار ڕیزە کۆبونەوەیەکی یەك لەدوای یەکی ئەنجامداو لیژنەکانی تریشو ڕاوێژکارەکان چەندین کۆبونەوەیان ساز داو خودی میرنشینەکان سەردانێکی زۆری یەکتریان کرد، جگە لەناوبژیوانی سعودیەو کوێتو فشاری بریتانیا بۆ هێنانەدیی قەوارە یەکگرتووەکە. بەڵام هەمو ئەم هەوڵو کۆششانە بەهۆی دو فاکتەری بنچینەییەوە شکستیان خوارد. ئەم دوو فاکتەرەش بریتین لە:

١- ڕێککەوتننامەی دوبەی کەڕێککەوتننامەیەکی گشتگیرو ناڕۆشن بوو.

٢- بڕیار نەدان بەکۆی دەنگ.

هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەهەر فەرمانڕەوایەك تێگەیشتنی خۆی بۆ ڕێککەوتننامەکە هەبووەو هەر هەموشیان پشت ئەستور بوون بەمافی ڤیتۆ. ناتەباییەکەش پەیوەندی بەم مەسەلانەوە هەبو:

١- شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان حکومەتی فیدرال‌و میرنشینە ئەندامەکان.

٢- چۆنێتی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەچوارچێوەی حکومەتی فیدرالدا (kouvy 1980-39).

هەندێ لەمیرنشینەکان لایان وابوو کەدەبێ دەسەڵاتی فیدرال بوارەکانی بەرگری‌و سیاسەتی دەرەوە بگرێتەوەو نوێنەرایەتی ناو ئەنجومەنی نیشتمانیی فیدراسیۆنەکەش وەکیەك بێ، بەبێ گوێدانە ژمارەی دانیشتوانی هەر میرنشینێکی ئەندام، سەرباری ناکۆکی سەبارەت بەبارەگای هەمیشەیی پایتەختی فیدرال.

پێدەچێ ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی دوبەی زادەی هەندێ هەنگاوی بێ سەروبەر بووبێ‌و دەرهاویشتەی



تورەبون بووبێ لەکشانەوەی کتوپڕی بریتانیا کەهەرایەکی میدیایی زۆری لێ کەوتەوە گوایە بەم کشانەوەیە بۆشاییەك لەبواری هێزدا لەناوچەکەدا پەیدا دەبێ.

## تەگەرە سەرەکییەکانی بەردەم یەکێتیە نۆقۆڵیەکە

دەرکەوتوە کە چەند گفتوگۆ پێی نابێتە ناو قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەوە، بیروڕاکان زیاتر لێك دورکەوتونەتەوەو ناکۆکییەکانیش قوڵتربونەتەوەو لەم بارەیەوە چەندین هۆی ناوخۆیی‌و دەرەکی رۆڵیان هەبوە لەساردو سڕیی فەرمانڕەواکانی میرنشینەکان سەبارەت بەجێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەو پێکهێنانی فیدراسیۆنەکە:

### ا- هۆیە ناوخۆییەکانی ژێرکەوتنی فیدراسیۆنەکە:

چەردەیەك هۆی ناوخۆیی دەستیان هەبو لەژێرکەوتنی هەوڵە فیدرالیەکەو لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتیە نۆقۆڵیەکە لەوانە تەمومژیی خودی ڕێککەوتننامەکەی

دوبەیو تێنەگەیشتنی فەرمانڕەواکان لەچەمکی دەسەلاَتەکانی دەوڵەتی فیدرال بەئەندازەیەك کەهەندێ جار ناکۆکیەکە روخسارێکی یاسایی وەردەگرتو ئەمەش دەبوە هۆی سەقامگیرکردنی ململانێ سیاسیەکانو رەوشە ناوخۆییەکانو دابەشکردنی ئەندامەکان بەسەر چەند تەوەرو هاوپەیمانیەکدا لەسەر بناغەی خێڵەکیو خانەدانی، جگەلەوەی کەمتمانە لەنێوان فەرمانڕەوایانی میرنشینەکاندا نەبوو و گیانی تاکڕەوانە زاڵ بوو، سەرباری سروشتی سیستمی سیاسی خێڵەکیو راهاتن لەسەر حوکمڕانی رەها.

هەموو ئەمانە وایکرد کەس دەستبەرداری دەسەلاَتەکانی خۆی نەبێ بۆ حکومەتی فیدرالو هەندێ لەفەرمانڕەواکان ویستیان یەکێتیەکە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکار بهێننو هەندێکی تریشیان کەوتنە هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی برێکی کەسایەتیی نێودەوڵەتی



یاخود زیاتر بەلای پەسندکردنی یەکێتیەکی کۆنفدرالیدا دایاندەشکاند، سەرباری ململانێی ناو قەتەر لەنێوان حاکمەکەیو وەلی عەهدەکەی لەسەر دەسەلاَتو ململانێی نێوان بەحرێنو قەتەرو کزیی باوەڕی میرنشینەکان لەکاتی وتووێژدا بەفیدراسیۆنەکە (الرمیحي ١٩٩٥، ١١٩)و زیندوکردنەوەی ئەنجومەنی میرنشینە ئاشتبووەکان کەجگەلە لەقەتەرو بەحرێن هەمو میرنشینەکانی تری دەگرتەوەو لێدوانەکەی شێخ زاید سەبارەت بەوەی کەئەو یەکێتیەکە لەگەڵ ئەو میرنشینانەدا پێکدێنێ کەئامادەن ئەندام بن تێیدا. جگە لەهەمو ئەمانە، هەندێ فاکتەری ئابوریو جوگرافیو دیموگرافی هەبو کەمایەی بەهێزکردنو لاوازکردنی توانای وتووێژکردنی هەندێ لەفەرمانڕەواکان بون وەك ئەوەی کەحاکمی بەحرێن لەکانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ رایگەیاند کەولاَت لەڕوی بەڕێوەبردنەوە وەك رێ خۆشکردنێك بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی رێك دەخاتەوەو هەروەها وەك ئەوەی کەقەتەر لەنیسانی ١٩٧٠دا شتی لەم

بابەتەی راگەیاندو بەوەش دانەکەوت بەڵکو واوەتر رۆییو لەدەستورە کاتییەکەیدا رایگەیاند کە قەتەر دەوڵەتێکی سەربەخۆیەو ئەندامیشە لەیەکێتی میرنشینەکانی عەرەبدا.

**ب- فاکتەرە دەرەکیەکانی شکستهێنانی یەکێتیەکە:**

سەرکەوتنی پارتی پارێزگاران لەهەڵبژاردنی حوزەیرانی ١٩٧٠داو بەڵێنەکەیان لەو کاتەدا کە لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆندا بون سەبارەت بەوەی کە لەناوچەی کەنداو ناکشێنەوە ئەگەرهاتو لەهەڵبژاردندا سەرکەوتن بەدەست بێنن، بوە هۆی خاوبونەوەی هەوڵەکانی دروستکردنی یەکێتیەکە. ئەم سەرکەوتنەی پارتی پارێزگاران بەدڵی هەندێ لەحوکمڕانانی میرنشینەکان بوو. بەڵام لەو کاتەدا بونی بریتانیا لەناوچەکەدا مایەی ناڕەزایی توندی دەوڵەتانی ناوچەکە بوو وەك ئێران، عیراق، سعودیە، کوێتو میسر. ئەم ناڕەزاییەش بوە گوشارێك بۆ سەر



بریتانیا تاکو بەڵێنی خۆی جێبەجێ بکاو لەناوچەکە بکشێتەوە، سەرباری دەستبەرداربونی ئێران لەداواکردنی بەحرێن دوا بەدوای بڕیاری ١٢ی ئایاری ساڵی ١٩٧٠ی ئەنجومەنی ئاسایش کەسنورێکی بۆ چاوچنۆکیەکانی ئێران لەبەحرێن داناو پشتگیریی کرد وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ. داواکانی ئێران مایەی لاوازبونی پێگەو هەڵوێستی بەحرێن بون لەکاتی گفتوگۆکانی یەکگرتنەکەدا. هەروەها چەند هۆیەکی تریش هەبون کەمایەی شکست پێهێنانی یەکێتیەکە بون وەك گۆڕانی سیستمی حوکمڕانی لەعومانو هاتنە سەر کاری سوڵتان قابوس پاش ئەوەی لەباوکی هەڵگەڕایەوەو دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەمەش روداوێك بوو بوە هۆی ناڕەزایی گەلی عومان، هەروەها هەڵگیرسانی شۆڕشی زەففار کەدەکرا دەڤەرەکانی تر بتەنێتەوەو هەرەشە لەبەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا لەناوچەکەدا بکات، سەرباری کۆچی دوایی جەمال عەبدولناسر لەئەیلولی ١٩٧٠دا کەدەنگێکی زوڵاڵ بوو سەبارەت

بەبانگەشەکردن بۆ یەکبونی عەرەب (الرمیحي ١٩٩٥، ١٢١-١٢٢).

بەمجۆرە، دەردەکەوێ کەناکۆکیە ناوخۆییەکانو گۆڕانکاریە دەرەکیەکان ڕۆڵیان هەبو لەکشانەوەی هەر یەك لەبەحرێنو قەتەر لەیەکێتیە نۆقۆڵیەکەو بەمەش هێزەکانی کەدژی یەکگرتن بون هەوڵەکانیان بۆ چوە سەرو لەم بوارەدا سەرکەوتو بون، ئیدی بریتانیاش بەفەرمانڕەواکانی میرنشینەکانی تری ڕاگەیاند کەئەو پشتگیری لەهێنانە کایەی یەکێتیەکی حەوت قۆڵی دەکاو وەك چۆن دانی بەسەربەخۆیی بەحرێنو قەتەردا ناوە دان بەو یەکێتیە حەوت قۆڵییەدا دەنێو لەدواجاردا ساردو سڕیی ئیرادەو زاڵبونی بەرژەوەندیە تەسکەکانو ئەنگێزەی خۆجیاکردنەوەو پێداگرتنی هەندێ لایەن لەبەر بیرو بۆچونی خۆیان، ئەمە هەموی بوە هۆی هەرەسهێنانی یەکێتیە نۆ قۆڵیەکە. ئەگەرچی لەم بارەیەوە



هەلومەرجێکی باش لەئارادا بوو بۆ هاتنە کایەی یەکێتیە نۆ قۆڵیەکە، هەندێ لەیەکگرتنەکانی تری جیهان پێداویستیەکانی یەکگرتنیان تێدا نەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی گشتیان خستەسەروی بەرژەوەندی تایبەتەوە، توانیان بیبەنە سەر وەك یەکێتی سۆڤێتو یەکێتی هند کەهەر یەکێکیان لەچەندەها نەتەوەو کەلتورو زمانی جیاواز پێکهاتبون. فیدراسیۆنەکەی ئەمریکاش کە لەسەرکەوتوترین ئەزمونەکانی یەکگرتنە، سەرەتا بەسیانزە ولایەت دەستی پێکردو ئەمڕۆ لەپەنجا ویلایەت پێکدێت. ئەو نوێنەرانەی کە لەفیلادلفیا کۆ بونەوە، توانیان لەساڵی ١٧٨٢دا دەستوری ئەمریکا ئیمزا بکەنو ئەم دەستورە لەچەردەیەك سەودا لەنێوان ویلایەتە بچوکەکانی وەك مەریلاندو دیلاورو ویلایەتە گەورەکانی وەك بنسلڤانیاو ڤێرژینیا پێکدێت. سەرەڕای نەسازانی بەرژەوەندیە بازرگانیەکانو بەرژەوەندیە کەسیەکانو بەرژەوەندیەکانی باشورو باکور، نوێنەرانی ویلایەتەکان

لەماوەی چوار مانگدا توانیان لەسەر ئەو مەسەلانە رێککەون کەمایەی مشتومڕو ناکۆکی بون وەك شێوەی نوێنەرایەتی لەناو دەسەڵاتی یاسادانانو هێنانە کایەی حکومەتێکی سەرتاسەریی فیدرالو خاوەن دەسەڵاتی بەهێزو بایەخدان بەمەسەلە نەتەوەییە گەورەکان. بەرژەوەندیە بچوكو تەنگەبەرەکانیش لەدوا دواییدا چونە شوێنی سروشتی خۆیانو یەکلا کرانەوە. ویلایەتە بچوکەکان چونە سەر ئەو بڕوایەی کەئەندازەیەکی دیاریکراویان لەدەسەڵاتی بەڕێوەبردنی فیدراسیۆنەکەدا هەبێ، ئەگەرچی ئەمە لەگەڵ قورسایی دیموگرافیانەشیاندا نەدەگونجا، لەکاتێکدا ویلایەتە گەورەکان لەو بڕوایەدا بون کە لەبەرژەوەندیاندایە دەستبەرداری هەندێ لەمافەکانی خۆیان بن تاکو بتوانن لەئایندەدا بەسود وەرگرتن لەقورسایی دیموگرافیان فیدراسیۆنەکە هەڵبسوڕێنن. بەم شێوەیە هەندێ هاووڵاتی نائاسایی توانیان بەکۆکردنەوەی چەند رەگەزێکی لێك



جیاواز ((نەتەوەیەکی)) نوێ دروست بکەن کەگەیشت بەبەرزترین پێگە لەجیهاندا. دیارە ئەمەش بەخۆڕایی نەهاتۆتەدی بەڵکو زادەی سەروەری بەرژەوەندیە باڵاکانو گیانی یەکێتی بووە .[٢]

## تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدرال

ئەو گیروگرفتەی کەڕوبەڕوی دانەرانی دەستوری ساڵی ١٧٨٧ی ئەمریکا بۆوە، چۆنێتی یەکپارچەکردنی چەردەیەك ویلایەتە کە هەر یەکێکیان ئەندازەیەك سەربەخۆیی بۆ خۆی دەهێشتەوەو حەزیشی دەکرد ئەندامی یەکێتیەکە بێ. پاشان گەیشتن بەرژێمی فیدرال کەتێکەڵەیەکە لەرژێمی کۆنفیدرال (واتە یەکگرتنی

---

[٢]For More lnformation See Charles W. Dunn, American Democracy Debated, California Scott, Foreman and Company ١٩٨٢.

لاوازی چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ)و رژێمی دەوڵەتی یەکگرتو کە بەمانای بونی حکومەتێکی ناوەندیی بەهێز دێ (Dye et al, 1980, 96). بەڵام ئەو گیروگرفتەی کەهاتە پێش دانەرانی دەستوری ساڵی ١٩٧٠ی میرنشینەکان چۆنێتی رزگارکردنی شێخنشینەکانە لەحوکمڕانیی رەها (ئۆتۆکراتیزم) چونکە هیچ یەکێ لەو شێخنشینانە هیچ مەرجێکی دەوڵەتی تێدا بەدی نەدەکراو هەر هەموشیان بەدەم جۆرەها پاشکەوتنەوە دەیانناڵاندو هەر هەموشیان پێویستیان بەوە بوو لەچەرخی خێڵەکیەوە بگوازرێتەوە بۆ چەرخی دەسەڵاتی دەستورو یاساو کۆمەڵگای دەوڵەتی مۆدێرنو گواستنەوەی دەسەڵات لەدەستی کەسەکانەوە بۆ دەستی دامودەزگا سیاسیەکان کەلێیان رادەبینرێ گرفتە بنەرەتیەکانی هاوولاتیان چارەسەر بکەن. فشارە ناوخۆییو دەرەکیەکانیش رۆڵێکی سەرەکیان هەبو لەچونە ناو ئەزمونی یەکگرتن چونکە



خودی لایەنە بەشدارەکان هێشتا خۆیان بۆ ئامادە نەکردبوو.

## دەوڵەتی فیدراڵ

پرۆفیسۆر ئەندرێ هۆریۆ وا پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵ دەکا کەشەریکایەتیە لەنێوان چەند دەوڵەتێکدا کەپەیوندیی یاسایی ناوخۆییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، واتە بەهەر هەمویان یەك یاسای دەستوریان هەیە کە لەسەر بنچینەکەی، دەوڵەتێکی باڵاتر لەسەروی دەوڵەتە بەشدارەکانەوە دادەمەزرێ (هوریو، چ١، ١٩٧٤، ١٥٢).

چاکترین رێوشوێن بۆ تێگەیشتنی سیستمی فیدراڵ وەك دیاردەیەکی سیاسی، دیاریکردنی سروشتی پەیوەندی نێوان ئەندامانو رەنگدانەوەی دەستوریی ئەم پەیوەندیەو دەستنیشانکردنی ئەو بناغانەیە کەیەکێتیەکە لەسەری دامەزراوە بەو جۆرەی کە ئەندرێ هۆریۆ دیاری کردوەو ئەمەش ئەم مەسەلانەی لێ دەکەوێتەوە:

**١ - بونی دەستورێکی فیدراڵ کەپەیوەندی نێوان هەمو ئەندامەکان لەگەڵ یەکتریداو هەروەها لەنێوان ئەوانو حکومەتی ناوەندا رێکدەخاو بەپێی ئەم دەستورە ئەندامەکان کەسایەتی نێودەوڵەتیان نامێنێ بەرادەیەك کەپەیوەندی دەرەکی دەبێ بەئەرکی ئەو کۆمەڵە قەوارەیەی کەهەمویان پێکەوە یەك قەوارەی نێودەوڵەتی پێك دەهێنن.**

**٢ - بونی دەسەڵاتێکی فیدرالی بەهێز بەرامبەر بەجیهانی دەرەوەو دور لەمەترسی ناوەوە کە بەهۆی تێکەڵ بونی دەسەڵاتەکانەوە رودەداو رونیی سروشتی پەیوەندی یاسایی لەنێوان فیدراسیۆنەکەو ئەندامەکاندا کەخۆی لەنەسەپاندنی ئەمرو رێنمایی بەسەر دەسەڵاتی لۆکالدا دەبینێتەوە.**

**٣ - یەکسانی نێوان ئەندامان کەئەمەش خۆی لەو ئەنجومەنەدا دەبینێتەوە کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتە فیدرالیەکان دەکەن.**



**٤ - چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەندامان یان نێوان ئەندامانو دەسەڵاتی فیدرال لەرێی دادگای بالاوە چونکە ئەرکی ئەم دادگایە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیە کە لەناو یەکێتیەکەدا سەر هەڵدەدەن (هوریو، ج ١، ١٩٧٤، ١٥٤- ١٥٥).** ٣

[٣] جگە لەو پێوەرانەی کەئەم توێژینەوەیە بۆ خۆی کردۆتە رابەرو بەمەبەستی سود گەیاندن بەخوێنەر، لێرەدا باسی ئەو پێوەرانە دەکەین کە دووچیك بۆ هەمان مەبەست دایناون و برتین لە: دوانەیی ئەنجومەنەکانی یاسادانان، نوێنەرایەتیەك بەیەکسانی لەنێوان قەوارە نایەکسانەکان، سروشتی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان حکومەتی ناوەندو حکومەتە لۆکالەکان، جەخت کردن لەسەر رۆڵی کاریگەری دادوەریی فیدرال واتە دادگای بالای فیدرال.

Ivod Duchek, Comparative Federalive Fedrealism: The Territorial Dimension of, New york: Holt Rinehert and Winston Inc. ١٩٧٠. 

ئەگەر لەسەر پێوەرە ناوبراوەکان بڕۆین، دەتوانین سروشتی رژێمی فیدرالی ئیمارات تاوتوێبکەین‌و لێی تێ بگەین‌و بەراوردی بکەین لەگەڵ یەکێتی فیدرالی ئەمریکادا بۆ رونکردنەوەی رەوشەکە بەشێوەیەکی باشترو زانینی ئەوەی کەپێوەرەکان تا چ رادەیەك بەکەڵکی یەکێتی فیدرالی ئیمارات دێن بەڵام بناغە ناوبراوەکان رێسای نەگۆڕ نین، بۆیە هەندێ جار بەپێی ئەوەی کەقەوارە ئەندامەکانی یەکێتیەکە لەسەری رێککەوتون، دەکرێ لەبەرچاو نەگیرێن.

زۆربەی جار فیدراسیۆن زادەی یەکگرتنی چەند دەوڵەتێك یان قەوارەیەك دەبێ لەیەك دەوڵەتدا بەپێی دەستورێك کەقەوارە ئەندامەکان لەسەری رێکدەکەون‌و ئەم دەستورە دەبێتە یاسای باڵاو سیستمی بنچینەیی دەوڵەتە پێکهێنراوەکەو لەم روەوە هەم ئەمریکا زادەی ئەم پرنسیپەیە هەم ئیمارات.



قەوارە ئەندامەکانیش لەبواری ناوخۆدا دەسەڵاتێکی زۆریان دەبێ‌و هەر قەوارەیەکی ئەندام دەستوری خۆی‌و یاسای تایبەت‌و پەرلەمانی هەڵبژێردراوی خۆی دەبێ بەڵام هەر هەمووشیان دەستبەرداری بەشێکی دەسەڵاتی ناوخۆییان دەبن‌و بۆ دەوڵەتی فیدرالی بەجێدێڵن.

## دوانەیی دەسەڵات

پێوەرەکانی دابەشکردن‌و دوانەیی دەسەڵات لەدەوڵەتێکی فیدرالەوە بۆ دەوڵەتێکی فیدرالی تر جیاوازن‌و ئەم جیاوازییەش چەند روخسارێك بەخۆیەوە دەگرێ:

١- هەندێ لەفیدراسیۆنەکان ئەرکەکانی دەسەڵاتی ناوەندی دیاری دەکاو باقیەکەی بەنادەستنیشانکراوی بۆ حکومەتی ناوچەیی دەهێڵنەوە. ئەمەش بەم شێوەیە لەدەستورە کاتیەکەی دەوڵەتی ئیماراتدا هاتووە بەمەبەستی فراوانکردنی دەسەڵاتی میرنشینەکان لەسەر

**حیسابی دەسەڵاتی حکومەتی فیدرال چونکە میرنشینەکان (واتە ئەندامەکان) خاوەنی دەسەڵاتە راستەقینەکەن. ئەمریکاش لەمەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵاتدا (ماددەی یەکەم بڕگەی هەشتەم) هەمان ڕێچکەی گرتۆتە بەر.**

**٢- رەهەندی دووەم دیاریکردنی ئەرکەکانی دەوڵەتە ئەندامەکانەو باقیەکەشی بۆ حکومەتی ناوەندی دەهێڵدرێتەوەو لێرەدا مەبەست فراوانکردنی دەسەڵاتی فیدراسیونەکەیە لەسەر حیسابی ئەندامەکان. ئەوەی لەسەر ئەم ڕێچکەیەش رۆیشتوە هیندستانە.**

**٣- رەهەندی سێیەم دیاریکردنی دەسەڵاتی هەر یەك لەحکومەتی فیدرالو حکومەتە ناوچەییەکانە بەڵام ئەم شێوازە شێوازێکی کاراو گونجاو نیە چونکە مەسەلەکە بابەتی تری لێ پەیدا دەبێ کە ڕەنگە هەردولا بەهۆیەوە توشی کێشەو کێبڕکێ ببن. بەڵام چۆنێتی دابەشکردنی دەسەڵات بەهەر شێوەیەك بێ، دیارە هەر حکومەتی فیدرال پێگەیەکی پتەوترو ئاستێکی باڵاتری دەبێو حکومەتە**



**ناوچەییەکان لەئاستێکی نزمتردا دەبن. ئەمەش لەچەند مەسەلەیەکدا خۆی دەنوێنێ وەك:**

**١- نەسازانی یاساکانی ویلایەتە ئەندامەکان لەگەڵ یاسای فیدرالدا.**

**٢- یەکلاکردنەوەی کێشەکان ئەرکی دادگای باڵایە کە دەسەڵاتێکی فیدرالیە.**

**٣- سەردانەواندنی دەستوری ویلایەتە ئەندامەکان بۆ بنەماکانی دەستورە فیدرالیەکە.**

**٤- لەهەلومەرجی تایبەتدا حکومەتی فیدرال بۆی هەیە دەست لەکاروباری ناوخۆیی ویلایەتە ئەندامەکان وەربدات.**

**بۆچونێکیش هەیە پشتگیری لەزیادکردنی دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حکومەتە ناوچەییەکان دەکاو لەئەمریکا پەیڕەوی لەم بۆچونە کراوە تاکو حکومەتی فیدرال بتوانێ ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات** (John 1988).

ئامانجی دەستوری ئیمارات هێنانەدیی دیکۆمێنتێکی هەمیشەییە بۆ دانانی بناغەیەك بۆ پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی ناوەندیو حکومەتە ناوچەییەکان لەچوارچێوەی سیستمی فیدرالداو دیاریکردنو دابەشکردنو هەموارکردنی دەسەڵاتەکانە. هەروەها دەستور روی دەمی لەهەمو هاووڵاتیانی دەوڵەتە ، وێنەی ئامانجە بنچینەییەکانی فیدراسیۆنەکەو بناغە کۆمەڵایەتیو ئابوریەکانی دەکێشێو ئازادیو مافو ئەرکە گشتیەکان رون دەکاتەوە. ئەمەش لەدەروازەی یەکەمو دووەمی دەستورەکەدا دەردەکەوێ. دیارە ئەمە رێ لەوە ناگرێ کە هەرێمە ئەندامەکانی یەکێتیەکە دەستورو یاسای خۆیان هەبێ. بەپێی ماددەی ١٥١ دەستوری ئیمارات زاڵە بەسەر دەستوری هەرێمی ئەندامەکاندا. هەروەها سەبارەت بەیاسا فیدرالیەکانیش، ئەو یاسایانە زاڵن بەسەر یاساکانی میرنشینەکاندا. هەرکات لەم بارەیەوە ناکۆکی پەیدا بوو، مەسەلەکە دەچێتە بەردەم دادگای دەستوریی فیدرال.



لێرەدا دەتوانین بچینە سەر ئەو بڕوایەی کەدەوڵەتی فیدرال لەهەندێ رووەوە وەك یەك دەوڵەت دێتە بەرچاوو لەهەندێ روی ترەوە وەك چەند یەکەیەکی سیاسیو ئیداریی سەربەخۆو لێکجیاواز. فیدراسیۆنی ئیماراتیش وایەو روخساری یەکپارچەبونی تێدا بەدیدەکرێو لەم بارەیەوە دەوڵەتی فیدرال یەك سوبێکتی نێودەوڵەتی پێکدێنێو یەك رەگەزنامەی هەیەو بەشێوەیەکی گشتی مامەڵە لەگەڵ سەرزەمینی دەوڵەتدا دەکاو یاسا ناوخۆیەکانی روی دەمیان لەهاووڵاتیە بەبێ گوێدانە یەکە سیاسیەکان، سەرباری بونی سێ دەسەڵاتی فیدرال کەبریتین لەدەسەڵاتەکانی راپەڕاندنو یاسادانانو دادوەری.

روخسارەکانی سەربەخۆییش خۆیان لەچەند دیاردەیەکدا دەنوێنن وەك مافی میرنشینە ئەندامەکان لەبەستنی هەندێ رێککەوتننامەی دەرەکیو بەدەستهێنانی ئەندامێتی هەندێ لەرێکخراوە نێودەوڵەتیەکانو مافی نارەزایی دەربڕین لەبەستنی رێککەوتننامەیەکی

نێودەوڵەتی کە ناوەند بەستویەتیو میرنشینێك وای لێکدەداتەوە کەئەم ڕێککەوتننامەیە خراپ لەسەر پێگەکەیدا دەشکێتەوە، جگە لەوەی کە هەر میرنشینێك مافی خاوەنێتی سامانی سروشتیو مافی پێکهێنانی هێزی ناوچەیی هەیە.

خەتیب (١٩٨٢) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەلایەنە سەربەخۆخوازییەکانی فیدراسیۆنەکە زاڵن بەسەر لایەنەکانی یەکگرتنداو ئەمەش لەکرداردا دەرکەوتوە. ڕەوتی گەشەکردنی فیدرالیانەی ئیمارات ڕەوتێکی هێواشەو بەپێچەوانەی ئەمەوە فیدراسیۆنی ئەمریکایی لەوەتەی سەریهەڵداوە لەهەوڵدا بووە کەدەسەڵاتی فیدرالیانە سەقامگیر بکاتو دواتریش کەوتە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی. لەم بوارەدا جەنگی ناوخۆ بوە هۆی خزمەتکردنی ڕەوتی یەکگرتنو پشتیوانیشی لێ کردو لەم بارەیەوە فیدرالیزم بوو بەو شتەی کە کەس نەیدەتوانی خۆی لێ بێئاگا بکاتو هەر لەم سەروبەندەشدا ناوەند وای



لێهات کە ڕاستەوخۆ ڕاوبۆچونی گەل کاری تێدەکرد، تەنانەت سەرۆکی ئەمریکا ئەگەر بیویستایە کار بکاتە سەر کۆنگرێس دەچوو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕوی دەمی لەگەڵ دەکرد تاکو گەل کار بکاتە سەر کۆنگرێس.

## رژێمی فیدرالی ئیمارات

لێكۆڵیاره سیاسیه‌كان یه‌كده‌نگن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌هه‌ر یه‌كێتیه‌كی فیدرال ده‌بێ كۆمه‌ڵێك روخسارو مه‌رجو بناغه‌و پێوانه‌ی هه‌بێ تاكو به‌هۆیانه‌وه له‌یه‌كێتیه‌كانی تر جیا بكرێته‌وه. هۆریۆ، وه‌ك ئاماژه‌مان پێداوه، رونیكردۆته‌وه كه‌ئه‌و په‌یوه‌ندیه‌ی ئه‌ندامانی یه‌كێتیه فیدرالیه‌كه به‌یه‌كه‌وه ده‌به‌ستێته‌وه‌و ره‌نگدانه‌وه ده‌ستوریه‌كانی ئه‌م په‌یوه‌ندییه، له‌سه‌ر ئه‌م بنچینه‌و پێوه‌رانه دامه‌زراون:

### پێوه‌ری یه‌كه‌م:

### ده‌ستوره نوسراوه‌كه‌ی رژێمی ئیمارات

ئه‌م په‌یوه‌ندیه له‌سه‌ر بنه‌مای یاسای گشتی ناوخۆیی دامه‌زراوه، واته پشت ئه‌ستوره به‌ده‌ستورێكی نوسراو كه به‌هۆیه‌وه ده‌وڵه‌تێكی بالاتر پێكدێت كه‌هه‌مو هه‌رێمه به‌شداره‌كان تێیدا ئه‌ندام ده‌بن‌و په‌یوه‌ندییه



نێوده‌وڵه‌تیه‌كانی ئه‌م ده‌وڵه‌ته‌ش له‌ئه‌ستۆی بلۆكی هه‌رێمه به‌شداره‌كان ده‌بێ. به‌مه‌ش سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌و به‌رگری له‌ژێر كۆنترۆڵی ده‌سه‌ڵاتی راپه‌ڕاندنی فیدراڵدا ده‌بێ‌و لێره‌دا پێویسته هیچ جیاوازیه‌ك له‌نێوان ده‌وڵه‌تی فیدرال‌و ده‌وڵه‌تی یه‌كگرتودا دانه‌نێین (هۆریۆ، ب١، ١٩٧٤، ١٥٤). ئامانجی ده‌ستوری نوسراو هێنانه‌دیی دیكۆمێنتێكی هه‌میشه‌ییه كه چوارچێوه‌یه‌ك بۆ په‌یوه‌ندی ناو سیستمی فیدرال له‌نێوان حكومه‌تی ناوه‌ندو حكومه‌ته ناوچه‌ییه‌كان داده‌نێت‌و ئه‌و ده‌سه‌ڵاتانه دیاری ده‌كا كه ده‌كرێ له‌سیستمی سیاسیدا به‌شداری تێدا بكرێت یاخود دابه‌ش بكرێت‌و ئه‌و شێوه‌یه ده‌ستنیشان ده‌كا كه‌ده‌ستوری پێ هه‌موار ده‌كرێت. جا ئه‌گه‌ر هه‌مواركردنه‌كه پێویستی به‌ڕه‌زامه‌ندی هه‌مو ئه‌ندامه‌كان هه‌بو، ئه‌وا ئه‌م رژێمه ده‌بێ به‌رژێمێك كه له‌سه‌ر بنه‌مای كۆنفدرالیزم دامه‌زراوه نه‌ك له‌سه‌ر بنه‌مای فیدرالیزم چونكه زه‌حمه‌ته ده‌ستور به‌ڕه‌زامه‌ندی هه‌مو لایه‌نه‌كان هه‌موار بكرێت.

جا ئایا ئەم مەرجە لەفیدراسیۆنی ئیماراتدا بەدی دەکرێ؟ لەئیمارات دەستورێکی نوسراو هەیەو بەپێی دابەشکردنە یاساییەکە ئەرکی دەوڵەت بەسەر سێ ئەرکدا دابەشکراوە کەبریتین لەئەرکی راپەڕاندنو یاسادانانو دادوەری. ماددەی ١٢٠ی دەستور دەسەڵاتی یاسادانانو راپەڕاندنی حکومەتی فیدرالی دیاریکردووەو ماددەی ١٢١یش بوارەکانی یاسادانانی فیدراسیۆنەکەی دیاریکردووە.

خوێندنەوەی دەقەکانی دەستور ئەم شتانەمان بۆ رۆشن دەکاتەوە:

١-ئەم دەستورە بەپێی ماددەی ١٤٤ کاتیەو دەبێ دەستورێکی هەمیشەیی هەبێو لەکاتی پێویستیداو بەگوێرەی رێسا پەیڕەوکراوە یاساییەکان هەموار بکرێت.

٢-دارشتنی ئەم دەستورە لەرێی لیژنەیەکەوە بوە کەدەسەڵاتدارەکان پێکیان هێنابوو، بۆیە دەستورەکە وەك دیاری وابو چونکە دەسەڵاتدارەکان نەك گەل دایڕشتبو. ئەم



دەستورە لەلایەن ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراوەوە نەنوسراوەو لەریفراندۆمێکیشدا گەل دەنگی پێ نەداوەو نەریت وایە کە هەر دەستورێك بەئارەزوی دەسەڵاتدار دەرچوبێ، هەر ئەو دەسەڵاتە مافی کێشانەوەی دەستورەکەی هەیە هەر کات بیەوێ چونکە خۆی خاوەنی دەسەڵاتو سەروەرییە (الصالح ١٩٨٩، ١٩٨-١٩٩). سەبارەت بەدەستوری ئیماراتیش، ئەوا ئەم دەستورە زادەی ئیرادەی بەکۆمەڵی حاکمەکانی میرنشینەکانەو ئەمەش رەواییەکی یاسایی زۆرتری پێ نابەخشێ بەڵکو بەخاڵێکی لاواز دادەندرێت چونکە هەر کات یەکێ لەو حاکمانە رایگەیاند کەدەستبەرداری ئەم دەستورە دەبێ، ئەوا دەستورەکە بەهای خۆی لەدەستدەدا یاخود لایەنی کەم زۆربەی بەها دەستوریەکەی نامێنێ.

٣- دەستور وا خرایە روو کەپەیماننامەیەکەو بەجۆرە لەچەند ماددەیەکدا لەبەر سروشتە تەوافوقیەکەی، باس لەسەروەریی میرنشینە پێکهێنەرەکانی دەکا.

٤- دەستورەکە دەستورێکی پەرپوتە. لەماددەی دوودا باس لەوە کراوە کەفیدراسیۆنەکە بەپێی ئەم دەستورە سەردارێتی خۆی بەسەر هەمو خاكو ئاوی ناو سنوری نێودەوڵەتی میرنشینە ئەندامەکاندا دەسەپێنێ کەچی لەماددەی سێدا بەپێچەوانەی ئەمەوە باس لەوە کراوە کەمیرنشینە ئەندامەکان سەروەرن لەخاكو ئاوی ئیقلیمی خۆیان لەهەموو ئەو بوارانەدا کە بەپێی دەستورەکە بۆ فیدراسیۆنەکە تایبەتمەند نەکراون. ئەمەش ناکۆکی لەنێوان ئەرکی میرنشینە ئەندامەکانو ئەرکی حکومەتی فیدرال دروست دەکات.

٥- هەندێ لەماددەکانی دەستورەکە تەمومژو نارۆشنن. بۆ نمونە، ماددەی ١١- برگە یەك دەڵێ میرنشینەکان یەك یەکەی ئابوریو گومرگی پێکدێننو یاسا فیدرالیەکان پەیتا پەیتا قۆناغەکانی بەدیهێنانی ئەو یەکەیە



ڕێکدەخەن، لەکاتێکدا ماددەی ٢٣ دەڵێ سامانو داهاتی سروشتی هەر میرنشینێك موڵکی میرنشینەکەیە .[٤]

٦- هۆریۆ وای داناوە کەکاروباری دەرەوە تەنها ئەرکی حکومەتی فیدرالەو دەستوری ئیماراتیش هەر وای داناوە بەڵام بەپێی ماددەی ١٢٣ هەندێ جار لەم چوارچێوەیە دەردەچێ (بۆ زانیاریی تێروتەسەل دەتوانرێ بچنەوە سەر دەقی ماددەکە).

٧- هەمواركردنی ماددەی یەکی دەستورەکە پێویستی بەکۆدەنگیی هەمو دەسەڵاتدارانی میرنشینەکان هەیە. ئەمەی لێ بترازێ، تەگبیرەکانی تایبەت بەپەسەندکردنی هەموارکردنی دەستور هەر ئەو تەگبیرانەن کە تایبەتن بەپەسەندکردنی یاسا (ماددەی ١٤٤ برگەی دوو ٢). ئەمەش تەگبیرێکی بابەتیەو پێویستی بەزۆرینەی پێنج

---

[٤] لەم بارەیەوە بڕوانە یاداشتە فەرمیەکەی ڕۆژی ١٣ی شوباتی ١٩٧٩ی ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەنجومەنی باڵای فیدراسیۆن.

ئەندامی ئەنجومەنی باڵا هەیە بەمەرجێك ئەم پێنج دەنگە دەنگی هەردوو میرنشینی ئەبو زەبیو دوبەی لەگەڵدا بێ .[5]

٨- پابەند نەبونی ئەندامان بەم دەستورەو پێشێلکردنی بەندەکانی لەلایەن هەمو ئەندامەکانی فیدراسیۆنەکەوە. ئەمەش نمونەی هەندێ لەپێشێلکاریەکانە:

ا- لێدوانی ساڵی ١٩٧٦ی شێخ زاید سەبارەت بەوەی کە هەندێ لەمیرنشینەکان پابەند نەبون بەدەقی یاسا فیدرالیەکان بەتایبەتی لەمەسەلەکانی تایبەت بەکۆچکردنو پاسپۆرتو ڕێکخستنی کاروباری بێگانەکان.

[5] دووچیك Duchek وای بۆ دەچێ کەئەگەر هەموارکردنی دەستور پێویستی بەڕەزامەندی هەمو ئەندامان بێ، ئەوا ئەم یەکێتیە یەکێتیەکی کۆنفیدراڵە. بڕوانە:

Ivod Duchek, Comparalism The Territorial Dimension of Politics, Politics. New York: Holt, Rinehart and Winston. 1970 p.217.



ب- جەختکردنی شێخ زایدی سەرۆکی فیدراسیۆنەکە لەسەر ئەوەی کەمیرنشینی دوبەی زیاد لەدە جار سەرپێچی دەستوری لەهەندێ یاسای فیدرالی کردووە کە ئەمانەش لەگەڵ ئامانجو بەرژەوەندیەکانی فیدراسیۆنەکەدا یەکناگرنەوە.

ج- سەرپێچی لەدەستورو یاسا سەبارەت بەئەرکی دادگای باڵای فیدرال سەبارەت بەملململانێی سنورو چەند مەسەلەیەکی تر کەتایبەتن بەئەرکەکانی دادگای باڵا.

د- سەرپێچی لەدەستور ساغیکردۆتەوە کە فیدراسیۆنەکە هەم بەپێی یاساو هەم بەکردەوە لەئەستۆیدایە ئەرکی پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت دابینبکاتو مەسەلەکانی تایبەت بەتەندروستی گشتیو خزمەتگوزاریە پزیشکیەکان هەڵبسورێنێ.

هـ- بۆچونی میرنشینی دوبەی سەبارەت بەوەی کەبڕیاری یەکخستنی هێزەکان پێشێلکردنی ماددەی ١٤٢ی دەستورە.

و- بۆچونی میرنشینی دوبەی سەبارەت بەوەی کەدانەرانی یاداشتی ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی وەزیران بەتەواوەتی دەستوریان لەبیر خۆیان بردۆتەوەو وا هاتونەتە بەرچاو کەدەیانەوێ بەشێوەیەکی نادەستوری ئەو بنەمایانە لەق بکەن کەفیدراسیۆنی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب لەسەر بنچینەیان دامەزراوە (الرأي العام ١٩٧٩).

ز- بۆچونی میرنشینی دوبەی دەربارەی ئەوەی کەبڕیاری دانانی شێخ سوڵتان کوڕی زاید ئال نهەییان بەفەرمانـدەی گشتیی هێزە چەکدارەکان سەرپێچی بووە لەدەستور .

ح- ئەنجومەنی نیشتمانیی فیدراسیۆنو راوێژکارە یاساییەکەی رایانگەیاند کەحکومەتی فیدرال سەرپێچی لەرێساکانی دەستور کردوە (الخليج ١٩٨٥).

٦

---

[٦] بۆ زانیاریی زۆرتر سەیری ئەو یاداشتەی رۆژی ٢٦ی ئازاری ١٩٧٩ میرنشینی دوبەی بکە کەبۆ ئەنجومەنی باڵای فیدراسیۆنی بەرز کردۆتەوە.



ط- لەیاداشتێکدا کەئەنجومەنی نیشتمانی فیدراسیۆن بۆ ئەنجومەنی باڵای بەرز کردۆتەوە، داوای کردوە دەستورێکی هەمیشەیی دابندرێ چونکە دەستوری کاتی دیاردەیەکی ناتەندروستەو دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێو نیگەرانیو نائارامی، جگە لەوەی کەئەم دەستورە ناتوانێ شان بەشانی کاروانی فیدراسیۆنەکە بڕواو ئەزمونەکەش ساغیکردۆتەوە کەئەم دەستورە دەستورێکی پڕ کەموکوڕیەو تەگەرە لەیەکپارچەکردنی میرنشینەکانو یەکتری تەواوکردن دەداو لەهەلومەرجێکدا دانراوە کەئێستا چەمکەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە (الطليعة ١٩٨٥أ).

ی- جەختکردنی کۆمەڵەکانی قازانجی گشتی لەسەر ئەوەی کەئەم دەستورە کاتیە لەئاستی حەزو ئارەزوی گەلدا نیەو زۆریش پێشێل دەکرێ (الطليعة ١٩٨٥ب).

ک- جەختکردنی شێخ زاید لەسەر ئەوەی کەناشێ بۆ هەتا هەتا کار بەدەستورێکی کاتی بکرێو کاتیەکە ببێ بەهەمیشەییو بەبیانوی فلانو فیسار شت دەستبەرداری

نەبین (الرأي العام ١٩٧٩ب). جگە لەکاروباری دەرەوە کەوەك دەسەڵات تەنها بۆ حکومەتی فیدرال سەلمێنراوە، هێزە چەکدارەکانیش تایبەت بەحکومەتی فیدراڵە، وەك دووچیك دەیڵێ (duchek 1970,217).

ئایا فیدراسیۆنی ئیمارات تا چ ئەندازەیەك ئەم پێوەرەی جێبەجێکردووە؟ پێش سەرهەڵدانی فیدراسیۆنەکە، هەر میرنشینێك هێزی تایبەتی خۆی هەبوو، سەرباری پاسەوانیی لێواری عومان کە لەژێر دەسەڵاتی بریتانیادا بوو. پاش سەربەخۆیی پاسەوانیی عومان درایەوە بەهێزی پارێزەری فیدراسیۆنەکە کەبارەگاکەی لەشاریقەدایە. دەستوری فیدرال لەماددەی ١٤٢دا رێی داوە میرنشینە ئەندامەکان هێزی چەکداری خۆیان هەبێ کە لەکاتی پێویستدا دەکرێ بخرێنە پاڵ هێزەکانی فیدراسیۆنەوە. لەساڵی ١٩٧٢دا هێزە فیدرالیەکان رۆڵێکی گرنگیان گێڕا لەکۆتایی هێنان



بەکودەتاکەی شاریقەو راگرتنی شەڕی نێوان خێڵەکانی سەر بەدوو میرنشینەکەی شاریقەو فجێرە . [٧]

پاش سەربەخۆیی‌و دوا بەدوای روداوەکانی ساڵی ١٩٧٢ی میرنشینی شارجە، ژمارەی هێزی چەکداری میرنشینی ئەبوزەبی زیادیکردو گەیشتە پێنج جار بەقەد هێزی چەکداری فیدرالی. ئەم گەشەیە چەشنە کێبڕکێیەکی لەنێو میرنشینەکانی دیکەدا دروست کرد. بۆ سوککردنی گرژی‌و کێبڕکێکە شێخ زایدی سەرۆکی دەوڵەت سور بوو لەسەر یەکخستنی هێزە چەکدارەکانی هەر میرنشینێك‌و کردنیان بەبەشێك لەسوپای فیدرال‌و هەڵوەشاندنەوەی ماددەی ١٤٢ کەپشتیوانی یاسایی میرنشینەکانە بۆ

[٧] ئەم هەوڵی کودەتایە دەستی شێخ سەقری کوڕی سوڵتان قاسمی تێدایە کەبریتانیەکان لەحوکم لایان بردبوو و دەسەڵاتەکەیان بەشێخ خالد قاسمی دابوو. ساڵی ١٩٧٢ شێخ سەقر ویستی دەست بەسەر دەسەڵاتدار بگرێ‌و لەم هەوڵدانەدا شێخ خالد قاسمی کوژرا بەڵام هەوڵەکە سەری نەگرت.

پێکهێنانی هێـزی چـەکدار (١٦٥-١٦٣ ,١٩٨١ ,cottrell).
بـەڵام بـەکردەوە ئـەم هێزانـە یەکنـەخران‌و مەسـەلەی یەکخستنەکە لەگۆڕینی ناو بەولاوە هیچی تر نـەبوو، جگـە لەوەی کەمیرنشینی دوبەی ئامادە نەبو هێزەکانی یەك بخـات ئـەویش لـەڕقی ئـەوەی کەسـوڵتانی کـوڕی زایـد کرابـوو بەسەرۆکی سـتادی سـوپاو ئـەم بڕیـارەی بـەلاوە بڕیـارێکی نادەسـتوری بـوو و داوای هەڵوەشـاندنەوەی کردبـوو. جـا سەرەڕای ئەوەی کەهێزەکە یەکنەخرا، هەماهـەنگیی نێـوان ئەم هێزانەش لەبواری چەکداری‌و مەشـق‌و راهێنانـدا هـەر بەتەواوی لەئارادا نەبوو.

لەدووەم هەوڵی کودەتاکەی شاریجەدا لەساڵی ١٩٨٧ ١دا، دوبەی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی چەکداری کـرد لـەدژی میرنشینی شاریجە بۆ گێڕانـەوەی حـاکمی پێشـوو بـۆ سـەر دەسەڵات‌و لەم بوارەدا شێخ عەبدولعەزیز قاسمی، میری تازەی میرنشینەکە، رایگەیاند کەئامادەیە شەڕی میرنشینی دوبەی بکات ئەگەر هاتو ئەو میرنشینە هێرشی کردە سەر شاریجەو



وتی ئامادەیە داوای کۆمەك لەناوخۆی ئیمارات‌و لـەدەرەوەی بکات کەئەمەش مایەی هەڕەشەیەکی گەورە بـوو بـۆ سـەر مانـەوەی فیدراسـیۆنەکەو چـاوەڕوان دەکـرا لەئاینـدەدا بەشێوەیەکی خراپ سود لەو گرفتانە وەربگیرێ . [٨]

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی تایبەت بـەپێوەری یەکـەم‌و پەیوەندی بەهێنانەدیی دەستورەوە هەیەو پشتگیری لەوە دەکا کەحکومەتی فیـدرال بەتـەواوی دەسـت بەسـەر کاروبـاری دەرەوەو بەرگریدا بگرێ، ئەوا ئەم پێوەرە لەڕوی تیۆریکیـەوە هەیـە بـەڵام نـاتوانێ هاوشـانی گۆڕانـە نێودەوڵـەتی‌و

٨ ئەم هەوڵی کودەتایەی ساڵی ١٩٨٧ دووەم هەوڵە بۆ ئەنجامدانی کودەتا، کاتێك شێخ عەبدولعەزیز قاسمی ویستی براکەی خۆی دکتۆر شێخ سولتان قـاسمی لـەحوکم لاداو بچـێتە جێـی. ئەنجومـەنی بـالاّ زنجیرەیەك کۆبونەوەی بەست‌و لیژنەیەکی سـێقۆڵیش بەسـەرۆکایەتی حاکمی راسولخێمە پێکهـات‌و لایەنـەکان لەسـەر ئـەوە رێککـەوتن کەشـێخ سـولتان قـاسمی بگەڕێتـەوە بـۆ سـەر حـوکمڕانی‌و شـێخ عەبدولعەزیزیش ببێ بەشامیر (وەلی عەهد).

خۆماڵیەکان بێ و بەتەنگ دەستەبەرکردنی پێداویستیە ئایندەییەکانی فیدرالیزمەکەوە نیە، سەرباری گێرخواردنی بەدەست کەموکوڕیەکانەوە وەك ئەوەی کەدەستورەکە کاتیەو خاڵەکانی دژی یەکترین و چەند جارێکیش لەلایەن هەمو لایەنەکانەوە پێشێل کراوەو لێی رانابینرێ بتوانێ قەوارەی دەوڵەتە فیدرالیەکە بچەسپێنێت.

کێشەی بنەڕەتی ئەم دەستورە کاتیە، ترسی فەرمانڕەواکانە لەدانانی دەستورێکی هەمیشەیی چونکە ئەمە بەو مانایە دێ کە دەبێ پابەند بن بەهەندێ شتی دیاریکراو کەحەز ناکەن پێوەی پابەند بن، جگە لەوەی کەژمارەیەك لەفەرمانڕەواکان لەچوارچێوەی ئەم دەستورەدا هیچ رۆڵێکیان نابێ لەهەڵسوڕاندنی کاروباری دەوڵەتەکەدا. سەرباری ئەوەش، نەبونی متمانەو بونی دوبەرەکی لەنێوان میرەکان و لەنێوان خانەدانەکاندا. ئەم دەستورەی ئێستا ئەوەی سەلماندوە کەمیرنشینە ئەندامەکان، هەندێ ئەرکی دیاریکراوی حکومەتی فیدرالی لێ بترازێ، سەروەری تەواویان



هەیە. کێشەکەی تر ئەوەیە کەمیرنشینە ئەندامەکان دەستوریان نیە تاکو بتوانرێ پەیوەندی نێوان ناوەندو میرنشینەکەو پەیوەندی میرنشینەکان دیاری بکرێ و لەم سەروبەندەدا حاکمی هەر میرنشینێك دەسەلاتێکی رەهای لەسەر بنەمای خێڵەکی و بەپێی داب و نەریتە باوەکان هەیە بەجۆرێك کەئەم حاکمە رێ نادا کەس دەست لەکاروباری میرنشینەکەی وەربدات. لێرەدا دوبەرەکی و ناکۆکی لەنێوان چەمکی دەوڵەتی مۆدێرنی دەستوری و پرنسیپی فەرمانڕەوایی خێڵەکی پشتاوپشتدا پەیدا دەبێ کەدیارە ئەمەش هەڕەشە لەقەوارەی دەوڵەتەکە دەکا.

سەبارەت بەکاروباری دەرەوە، دیارە حکومەتی فیدرال بەتەنها ئەم ئەرکە ناگرێتە ئەستۆ بەڵکو بەشێکی دەکەوێتە سەر شانی میرنشینە ئەندامەکان بەپێی ماددەکانی ١٢٣و ١٢٤و ١٤٧ دەربارەی مافی میرنشینەکان سەبارەت بەدامەزراندنی پەیوەندییەکی سنوردار لەگەڵ دەرەوەی وڵاتدا. ئەمەش بەڕۆشنی وای کردوە کەحکومەتی فیدرال

نەتوانێ بەتاقی تەنها کاروباری دەرەوە هەڵبسورێنێ. سەرباری ئەمانە، حکومەتی فیدرال بەکردەوە دەسەڵاتی بەسەر هەمو هێزە فیدرالیەکاندا ناشکێ. ئەگەرچی ماددە ١٤٢ی دەستور هەڵوەشاوەتەوە کەڕێی دەدا هەر میرنشینێك هێزی تایبەتی خۆی هەبێ کەچی میرنشینی دوبەی تائێستا هێزی چەکداری خۆی هەیە. لەوانەیە هۆی ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کەبیری جیابونەوە هێشتا لەمێشکی ئەم میرنشینەدایە.



## پێوەری دووەم:

## کارایی حکومەتی فیدرال لەسیستمی ئیماراتدا

ئەو پەیوندییە ئاڵۆزەی کەحکومەتی فیدرال دەبەستێتەوە پەیوەندییەکە ((بەتەواوی لەبەرژەوەندی ئازادیدایە))و بەو مانایە دێ کەدەبێ دەسەڵاتێکی فیدرالی بەهێز هەبێ بۆ روبەڕوبونەوەی جیهانی دەرەوەو دوریش بێ لەهەڕەشەی ناوخۆ کەبریتیە لەتێکهەڵکێش بونی دەسەڵاتەکانو وتوویژ لەگەڵ کاربەدەستە خۆماڵیەکان لەبریتی خۆسەپاندن (هۆریۆ ١٩٧٤، بەشی ١، ١٥٤).

ئایا تەنها دەسەڵاتی فیدرالی ناوەند بۆی هەیە پەیوەندی لەگەڵ جیهاندا دابمەزرێنێ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ باس لەدەزگاکانی دەسەڵاتی راپەراندن یەکە یەکە بکەینو پاشان بزانین هێزی هەر یەکێکیان چەندە ئەویش بە بەراوردکردنیان لەگەڵ دەسەڵاتی راپەراندن لەئەمریکاو

دواتریش دەچینە سەر باسکردنی چۆنێتی خۆلادان لەهەڕەشەی ناوخۆیی.

گەشەکردنی ژیانی سیاسی بوە هۆی زۆربونی ئەرکەکانی دەوڵەت. بۆیە نەتوانرا هەمو ئەرکەکان وەك لەپاشایەتی ئۆتۆکراتدا دەکرا، لەدەستی یەك دەزگا کۆ بکرێنەوە. پاشان بیری سیاسی لەسەر ئەوە گیرسایەوە کەدەسەڵات موڵکی دەسەڵاتدار نیە بەڵکو دەسەڵاتدار دەسەڵاتی ڕەهای خۆی تێدا بەکار دەهێنێ. پاشان بیرۆکەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان سەریهەڵداو ئەم بیرۆکەیە زیاتر بیرۆکەی یاساناسی فەرەنسایی مۆنتسکیویە کەویستی پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بچەسپێنێ تاکو دکتاتۆری پەیدا نەبێ‌و لەم بوارەشدا ئەرکی هەر دەزگایەکی دەستنیشان کردو دەزگاکانی بەسەر دەسەڵاتی یاسادانان‌و دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن‌و دەسەڵاتی دادوەریدا دابەش کرد.

لەسایەی سیستمە نێودەوڵەتیە مۆدێرنەکاندا پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بایەخی خۆی لەدەستدا ئەگەرچی



هێشتا پێ لەسەر ئەم پرنسیپە دادەگیرێ بۆ پاراستنی ئازادییەکان. سیستمی فیدراڵی ئەمریکا جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان پەیڕەو دەکات‌و لەم بارەیەوە مادەی دوو بڕگەی یەکەمی دەستور باس لەهەڵبژاردنی سەرۆك دەکات‌و ماددەی یەك بڕگە یەك دەسەڵاتی یاسادانانی کۆنگرێس دیاری دەکاو بڕگەی دووەمیش بۆ شێوەی هەڵبژاردنی کۆنگرێس تەرخان کراوە، لەکاتێکدا دەسەڵاتی دادوەری بەدادگای باڵا دراوە بەپێی دەقی مادە سێ بڕگەی یەکەم. سیستمی پەیڕەوی ئەمریکا سەرۆکایەتیە ( kelly & harbison, ١٩٧٠)، لەکاتێکدا هی ئیمارات خەسڵەتەکانی سستمی سەرۆکایەتی‌و سستمی پەرلەمانی لەخۆ دەگرێ. دەستور لەماددەی ٤٥دا پێنج دەسەڵاتی فیدراڵی دەستنیشان کردوە کەئەمانەن:

١-ئەنجومەنی باڵا.

٢-سەرۆك‌و جێگری سەرۆکی فیدراسیۆنەکە.

٣-ئەنجومەنی وەزیران.

٤ -ئەنجومەنی نیشتمانی.

٥ -دادگای فیدرال.

ئەم دەقە نیشانیدەدا کەئەرکی راپەڕاندن کەوتۆتە سەر شانی سێ دەزگای جیاواز کە ئەمانەن:

١ -ئەنجومەنی باڵا.

٢ -سەرۆك و جێگری سەرۆك.

٣ -ئەنجومەنی وەزیران.

ئەمە بەو واتایە دێت کەدەستور پەیڕەوی لەدوانەیی دەسەڵاتی راپەڕاندن نەکردوە وەك لەسیستەمە پەرلەمانیەکاندا دەبینرێ و هەروەها پەیڕەویی لەیەکپارچەیی دەسەڵاتی راپەڕاندنیش نەکردوە وەك لەسیستمی سەرۆکایەتیدا هەیە. جا ئایا ئەم دابەشکردنەی دەسەڵاتی راپەڕاندنو دەزگاکانی لەچوارچێوەی ئەو مەرجی دووەمەیە کەهۆریۆ دەستنیشانیکردوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بچینەوە سەر دەقی ئەو ماددانەی کەباس لەپێکهاتەو ئەرکەکانی دەسەڵاتی



راپەڕاندن دەکەن (ماددەی ٤٦ سەبارەت بەپێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای فیدرالی، ماددەی ٤٩ سەبارەت بەبڕیارەکانی ئەنجومەن، مادەی ٤٧ سەبارەت بە ئەرکەکانی ئەنجومەن). پاش ئەوەی ئەم مادانە یەك بەیەك بەسەر دەکەینەوە، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کەئەنجومەنی باڵا دوو ئەرکی هەیە- ئەرکی کەسایەتی کە بەشێوەیەکی راستەوخۆو بەبێ دەستوەردانی هیچ کەسو دەزگایەك لەرێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەڕێوە دەچێ. لێرەدا تێبینی کراوە کەئەنجومەنی باڵا زۆر بەتەنگ ئەوەوە بووە کەدەستێکی باڵای لەبڕیارداندا هەبێ کەئەمەش زۆر لەگەڵ حەزو ئاواتی میرنشینە بچوکەکاندا یەکدەگرێتەوە، چونکە ئەم میرنشینانە حەز دەکەن رۆڵێکی کاریگەریان لەبەرزترین دەزگای دەوڵەتی فیدرالدا هەبێ، لەکاتێکدا میرنشینە گەورەکان لەرێگەی ڤیتۆوەو هەروەها لەرێگەی ئەو باڵادەستیەوە کە لەئەنجومەنی نیشتمانیی فیدرالدا هەیانەو

ژمارەیەکی ڕێژەیی بۆ هەر میرنشینێك تێدا دیاری کراوە، هێزی خۆیان دەنوێنن.

ئەو دەسەڵاتانەش کەدەستور بەپێی ماددەی ٥٤ بەسەرۆکی فیدراسیۆنەکەی داوە هەندێکی بەخودی سەرۆك دراوەو هەندێکیشی بەهاوبەشی بەخۆیو ئەنجومەنی باڵا دراوەو هەندێکیش بەخۆیو ئەنجومەنی فیدراڵی وەزیران بەهاوبەشی دراوە.

بڕگەکانی ١و ٣و ٧و ٩و ١٠و ١١ی ماددەی ٥٤ی دەستور ئەو دەسەڵاتانە دیاری دەکەن کە بەسەرۆکی فیدرالیەکە دراوە. بڕگەکانی ٢و ٤و ٥و ٦و ٨و ١٢و ١٤ی ماددەی ٨٨یش باس لەو دەسەڵاتانە دەکەن کەسەرۆکی فیدراڵ بەهاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵا یان لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا هەیەتی .[٩]

---

[٩] بۆ زانیاریی زێدەتر دەربارەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیمارات بچۆرەوە سەر دەستوریکاتیی دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب (ئیمارات).



ئەنجومەنی وەزیران سێیەم دامەزراوەیە لەدەسەڵاتی راپەڕانداو لەم بارەیەوە ماددەی ٤٥ی دەستور وای داناوە کەئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتێکی فیدرالیە، ماددەی ٦٠یش ناوی ناوە دەستەی راپەڕاندن. بۆیە ئیبراهیم (١٩٧٦، ٧٦) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەسروشتی ئەو دەسەڵاتانەی بەئەنجومەنی وەزیران سپێردراون هەندێکی سروشتێکی ئیداری هەیەو هەندێکیشی سروشتی سیاسیی هەیە. لەبەر رۆشنایی ئەمە، دەتوانین بڵێین ئەرکی سیاسی ئەنجومەن بەڕێوەبردنی ئەو کاروبارەیە کەپەیوەندی بەیەکپارچەیی سیاسیەوە هەیەو ئەرکە ئیدارییەکەش پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بەهاووڵاتیان. ئەنجومەنی وەزیران بەکۆی ئەندامەکانیەوە بەرپرسە لەبەردەم سەرۆکی فیدراڵو ئەنجومەنی باڵادا (ماددەی ٦٤) بەڵام لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی فیدراڵدا بەرپرس نیە وەك لەسیستمی پەرلەمانیدا پەیڕەویی لێ دەکرێ. ئەنجومەنی وەزیران بەو پێیەی کەدەستەی راپەڕاندنی کاروباری فیدراڵەو

لەژێر چاودێری بەرزی سەرۆکی فیدرالو ئەنجومەنی بالاّدایە ، ئەرکی بەڕێوەبردنی هەمو کاروباری ناوخۆو دەرەوەی فیدراسیۆنەکە بەپێی دەستور دەگرێتە ئەستۆ. ئەنجومەنی وەزیران بەشێوەیەکی تایبەت ئەو دەسەلاّتانەی هەیە کە لەماددەی ٦٠دا هاتون.

بەتاوتوێکردنی دەسەلاّتەکان ئەنجومەنی وەزیران دەردەکەوێ کەدەزگا سیاسیەکان هەمیشە پێویستیان بەرەزامەندی ئەنجومەنی بالاّ یان سەرۆکی فیدرالەو بەم پێیە ئەنجومەنی وەزیران هیچ دەسەلاّتێکی سیاسی وای نیە کەتایبەت بێ بەخودی خۆی وەك ئەوەی لەسیستمی پەرلەمانی بریتانیادا دەبینرێ.



## دەسەلاّتی راپەڕاندن لەئەمریکا

دەسەلاّتی راپەڕاندن بەپێی دەستور دەدرێ بەسەرۆکی دەوڵەتو لەم بوارەدا گەورە کارمەندانی راپەراندن یارمەتی دەدەن. ئەوانەش لەبەردەمی سەرۆکدا بەرپرسیارن. سەرۆکی ئەمریکا دەسەلاّتێکی زۆری هەیە هەندێکی بەدەق لەدەستوردا هەیەو هەندێکی پشت ئەستورە بەنەریت یاخود دەوەستێتە سەر ئەندازەی هێزو توانای سەرۆك کەدەتوانێ وا لەکۆنگرێس بکات دەسەلاّتێکی زۆرتری پێ رەوا ببینێ. لەگەڵ زیادبونی رۆڵی ئەمریکا لەسیاسەتی جیهانیدا پاش جەنگی دووەمی جیهان هێزو رۆڵی سەرۆکیش لەوێ زیادی کردو هەروەها لەگەڵ زیادبونی بیروکراسیی فیدرالدا چ لەڕوی ژمارەوە چ لەڕوی دەسەلاّتەوە ، دەسەلاّتی سەرۆك زیادی کرد ، سەرباری پەرەسەندنی تەکنەلۆژیاو دەسەلاّتی فراوانی سەرۆك لەبواری دەرەوەو ناوخۆی ولاّتدا (mervin ١٩٩٣).

## دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەمریکا

**یەکەم:** لەناوخۆدا: ١-مافی پێشنیارکردنی یاسا، ٢-مافی ڤیتۆ دژی بڕیارەکانی کۆنگرێس، ٣-دامەزراندنی گەورە کاربەدەستە فیدرالیەکان، ٤-ئامادەکردنی بودجەی فیدرالی، ٥-بانگهێشتکردنی کۆنگرێس بۆ خولی تایبەت، ٦-مافی دەستگرتن بەسەر گوژمە داراییەکان، ٧-فەرمانەکانی راپەراندن کەراستەوخۆ لەلایەن سەرۆکەوە یاخود لەلایەن وەزیرێکەوە دەردەچن وەك لابردنی جیاوازیی رەگەزی لەسەربازگەکانی ئەمریکا، ٨-هەڵوەشاندنەوەی خولی بەسترانی ئەنجومەنی پیرانو نوێنەرەکان ئەگەر هاتو لەگەڵ یەکتریدا رێك نەکەوتن یاخود دواخستنی کاتی کۆبونەوەکانیان، ٩- جێبەجێکردنی یاساکانو سەرۆکایەتیکردنی دەزگای راپەڕاندن کەسەرۆکەکەی بەسیمبولی گەل دادەندرێ، ١٠-مافی لێبوردن (٢٠٨-١٩٧، ١٩٩٣ remy et al).



**دووەم:** لەکاروباری دەرەوەدا: سەرۆکی ئەمریکا دەسەڵاتێکی زۆری لەکاروباری دەرەوەدا هەیە گرنگترینیان ئەمانەیە: ١-سەرۆك فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانە، ئەمەش بەناوەڕۆك مافی دەستپێکردنی جەنگی پێ دەبەخشێ، ٢-ئیمزاکردنی پەیمانە نێودەوڵەتیەکان، ٣-دەستپێشخەری لەبڕیارداندا، ٤- دانانی باڵیۆزو کۆنسوڵەکان، ٥- داننان بەدەوڵەتانی تردا، ٦- رێککەوتن لەبواری راپەڕاندندا لەگەڵ دەوڵەتانی تردا کەئەمەش جیاوازە لەپەیمانەکان (REMY ET AL 1993).

لەهەردو دۆخدا سەرۆکی ئەمریکا بەبێ ئاستەنگەکانی کۆنگرێس ئەو دەسەڵاتانەی نیە. رژێمی سیاسیی ئەمریکا دوو بناغەی بنچینەیی هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کەسەرۆك لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوەو دووەمیشیان ئەوەیە کەسەرۆك هەم سەرۆکی دەوڵەتە هەم سەرۆکی حکومەت. بەڵام لەئیماراتدا محەمەد عوبێد غەبباش، پرۆفیسۆری زانستە سیاسیەکان لەزانکۆی ئیمارات، جەخت لەسەر ئەوە

دەكاتەوە كەدەستور باسی ئەوە دەكا كەدەبێ دەوڵەت سەرۆك‌و سەرەك وەزيرانی هەبێ‌و ئەم دوو پۆستە بۆ يەك كەس ناشێن. دابەشكردنی دەسەڵاتی راپەڕاندن بەم شێوەيەو بونی زۆربەی دەسەڵاتەكان لەبەر دەستی ئەنجومەنی باڵا، تەگەرە لەهەڵسوڕانی دەسەڵاتەكانی تر دەكا، سەرباری ئەوەی كەئەنجومەنی باڵا هەندێ لەو حاكمانە ئەندامن تێيدا كەهيچ دەسەڵاتێكيان نيە (چاوپێكەوتن، ئيمارات ٢٣/١٢/١٩٩٥). هەروەها دەبێ رەچاوی ئەوە بكرێت كەهەڵسوڕان‌و چالاكی ئەنجومەنەكە زۆر ست‌و لەسەرخۆيەو زۆر بەدەگمەن كۆ دەبێتەوەو دەسەڵاتيش زياتر بەپێی بنەما خێزانيەكان بەڕێوە دەچێت.

ئەنجومەنی وەزيران بەئامرازی راپەراندن‌و دەزگای كارگێڕيی بەر دەستی ئەنجومەنی باڵا دەژمێردرێ، سەرباری لاوازيی دەسەڵاتەكانی سەرۆكی دەوڵەت كەدەسەڵاتێكە لەبنەمادا يان بەئەنجومەنی وەزيرانەوە بەستراوەتەوە يان بەئەنجومەنی باڵاوە.



پاش تاوتوێكردنی دەستەكانی راپەڕاندن لەئيمارات‌و بەراوردكردنيان لەگەڵ دەسەڵاتی راپەڕاندنی ئەمريكا، بۆمان دەردەكەوێ كەبنچينەو گيانی دەسەڵاتی سياسی خۆيان لەئەنجومەنی باڵای فيدرالدا دەدۆزێتەوەو دەزگاكانی تر تەنها ياريدەدەرو پشتيوانن چونكە ئەنجومەنی باڵا دەسەڵاتێكی فراوانی هەيەو بەدەسەڵاتی سياسی باڵای وڵات دەژمێردرێ.

گرفتی ئەنجومەنی باڵا لەپێكهاتەو دەسەڵاتەكانيدايەو هەروەها لەو پەيوەنديەدايە كەئەندامەكانی بەيەكتريەوە دەبەستێتەوە. لەوەتەی ئەنجومەنەكە لەساڵی ١٩٧١دا كۆمەڵێك نەسازانی سياسی‌و ئابوری‌و سنوری‌و خێڵەكی لەگەڵ خۆيدا هێنايە پێش كەبونە مايەی هەڕەشە كردن لەناوەوەو دەرەوە لەفيدراسيۆنەكەو بونە فاكتەرێكی سەرەكی لاوازكردنی پێكهێنانی، ئەويش لەبەرئەوەی كەجياوازی نێوان ميرنشينەكان لەڕوی ئابوری‌و جوگرافيەوە بەچەشنێك سوديان لێ وەرگيرا كەهەندێ بەرژەوەندی ناوچەيی پێ بێتە

دی. جگە لەوە فەرمانڕەوای هەر میرنشینێك لەڕوی سیاسیەوە ئەوەندە خەڕۆو خۆبەزلزان بوون کەئامادەییان تێدا نەبو دەستبەرداری هیچ دەسەڵاتێکی خۆیان بن با ئەمە لەقازانجی دەوڵەتیشدا بێ (الطباطبائي ١٩٧٨ )و (الرأي العام ١٩٧٩ج). هەر فەرمانڕەوایەك لەهەوڵی ئەوە دایە کەزۆرترین بڕی سەربەخۆیی بۆ خۆی دەستەبەر بکات گوایە مافێکی رەهای لەمیرنشینەکەی خۆیدا هەیەو بنەمای دەسەڵاتەکەشی بنەمایەکی پاتریاکیە نەك دەستوری.

دەشێ پەیوەندی نێوان ئەندامان ئێرەیی‌و بێ متمانەیی بەهۆی دوژمنایەتی نێوان خانەدانەکانەوە تێ بکەوێ. گەلەکۆمەکێ‌و تەوەرە سیاسیەکانی نێوان میرنشینە ئەندامەکانیش گرژی‌و ململانێیەکی زۆر لەنێو دەوڵەتدا دروست دەکەن، تەنانەت لەم بارەیەوە کار گەیشتۆتە ئەوەی کەهەردو میرنشینی دوبەی‌و رەئسولخەیمە هەڕەشەیان کردوە کە لەیەکێتیەکە دەردەچن‌و ئەگەر گوشاری دەرەکی نەبوایە رەنگە هەڕەشەکەیان جێبەجێ بکردایە. لێرەوە دەردەکەوێ



کەچەند سەختە دەسەڵات دابەش بکرێ‌و ئەندامەکان وەك شەریك هەڵسوکەوت بکەن. سەرباری ئەوە، هەردو میرنشینی ئەبوزەبی‌و دوبەی دەتوانن ڤیتۆ لەدژی هەر بڕیارێکی ئەنجومەنی باڵا بەکار بێنن، ئەمەش جموجۆڵی ئەنجومەنەکە ئیفلیج دەکاو وای لێ دەکا بەبێ رەزامەندی ئەم دو میرنشینە نەتوانێ هیچ بڕیارێك دەر بکات. بێگومان ئەمەش رەنگدانەوەی هێزی ئابوری ئەبوزەبیە کە بەنەوت دەوڵەمەندەو هەروەها رەنگدانەوەی پێگەی بازرگانی گرنگی دوبەیە. لەسۆنگەی ئەم مافەوەو بەهۆی جیاوازی ئاستی دەوڵەمەندیەوە، ئەم دو میرنشینە هەیمەنەی تەواویان بەسەر دەوڵەتەکەدا هەیە (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی میحد، لێکۆڵیاری ئابوریناس لەوەزارەتی بازرگانی لەئیمارات، ٢٢/١٢/١٩٩٥).

وەك وتیشمان سەرۆکی دەوڵەت لەڕوی دەستوریەوە دەسەڵاتێکی زۆر کەمی هەیەو زۆربەشی هاوبەشە لەگەڵ ئەنجومەنی باڵاو ئەنجومەنی وەزیراندا. کاتێك ئەم

دەسەڵاتانەی لەبواری کاروباری دەرەوەدا لەگەڵ دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەمریکادا بەراورد دەکەین، بۆمان دەردەکەوێ کەدەسەڵاتەکانی زۆر لاوازن‌و لەبڕیارداندا لەڕوی سیاسییەوە چوستیان پێوە دیار نیە. ئەگەرچی سەرۆکایەتی شێخ زایدی ئال نهەییان گورج‌و گۆڵییەکی دیاری بەم پۆستە داوە، سەرۆك کە لەهەمان کاتدا فەرمانڕەوای ئەبوزەبیە بەبێ ڕەزامەندی میرنشینی ئەبوزەبی کەجێگری سەرۆك حوکمی دەکرد، هیچ بڕیارێکی لەناو ئەنجومەنی باڵا پێ دەرنەدەکرا، لەکاتێکدا جێگری سەرۆك لەئەمریکا، تا سەرۆك هەبێ ئەو هیچ دەسەڵاتێکی نیە.

ئەنجومەنی وەزیران هەندێ دەسەڵاتی سیاسی هەیە. بەپێی ماددەی ٦٠ی دەستور ئەو دەسەڵاتانەی دیاریکردوە کەئەنجومەنی وەزیران بەهاوبەشی لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەت‌و ئەنجومەنی باڵادا هەیەتی‌و بەم پێیە ئەنجومەنی وەزیران "تەنها دەستەیەکی ڕاپەڕاندنی تایبەتە چونکە دەسەڵاتە ئاساییەکەی لەبواری دیاریکردنی سیاسەتی گشتیی



دەوڵەت بۆ ئەنجومەنی باڵای فیدراڵ گوێزراوەتەوە" (ابراهیم ١٩٧٦، ٧٥). ئەمەش نیشانیدەدا کەدەسەڵاتەکانی هەر یەك لەسەرۆکی دەوڵەت‌و ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی لاوازن‌و دەسەڵاتی ئەنجومەنی باڵای فیدراڵ زۆر بەهێزە، لەکاتێکدا ئەنجومەنی باڵای فەرمانڕەواکان لەسۆنگەی ناتەبایی نێوان ئەندامەکانیەوە زۆر بەدەگمەن کۆ دەبێتەوە. دیارە ئەمەش دەسەڵاتی فیدراڵ لەڕوبەڕوبونەوەی جیهانی دەرەکیدا زۆر بێدەرەتان دەکا، چونکە لێرەدا بڕیار بەشێنەیی‌و هێواش هێواش دەردەچێ یاخود هەر لەبنەڕەتدا دەرناچێ.

لەسەر ئاستی ناوخۆ، چەردەیەك گیروگرفت هەیە هەر یەکێکیان لێی رادەبینرێ بتوانێ تەگەرە لەکاروانی یەکێتیەکە بداو هەڕەشە لەپاشەڕۆژی بکات ئەویش لەبەر لاوازی دەسەڵاتی فیدراڵ‌و ناتوانایی لەبواری دۆزینەوەی چارەسەری ریشەیی بۆ گرفتەکان. ئەو گرفتانەش ئەمانەن:

١ - ئەنگێزەی ناوچەگەرێتی: ئەم ئەنگێزەیە تەگەرەیەکی سەرەکی بەردەم یەکێتیەکەیە، وەك حەسەن حەکیمی سەرۆکی بەشی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی ئیمارات دەڵێ. ئەم ئەنگێزەیە پاش دامەزراندنی یەکێتیە کە دەرکەوت. لەم سەروبەندەدا "دوا بەدوای تێڕوانینە راستەقینەکان"و هەوڵدانی شێخ زاید بۆ بەدیهێنانی یەکێتیەکی راستەقینە، فەرمانڕەواکانی میرنشینەکانی تر زۆر بەسەختی بەرهەڵستیان کردو وا تێگەیشتن کەشێخ زاید مەبەستێتی بەهۆی پارەو پولەوە کۆنترۆڵیان بکات، بۆیە ئەوانیش کەوتنە دنەدانی ئەنگێزەی ناوچەگەرێتی (چاوپێکەوتن، ئیمارات، ١٨/١٢/١٩٩٥). ئەم سیاسەتەش بوە مایەی سەرهەڵدانی بەرهەڵستی لەنێو خانەدانی حوکمڕانی ئەبوزەبی چونکە خانەدانەکە وای بۆ دەچو کەئەم سیاسەتە وایکردوە دەوروبەری ٩٠٪ ی بودجەی یەکێتیەکە بەخۆڕایی لەسەر ئەبوزەبی بکەوێ‌و لەم بارەیەوە توانی تا ئەندازەیەکی زۆر سنورێك بۆ هیواو ئاواتی سەرۆکی دەوڵەت دابنێت.



هەستی ناوچەگەرێتی لەدامەزراندن لەپۆستە لۆکاڵو فیدرالیەکان سەری دەرهێنا چونکە ئەو پۆستانە بەشێوەیەکی سەرەکی بەو کەسانە دەدران کەخەڵکی میرنشینەکە بون. جگە لەهەستی ناوچەگەرێتی، هەستی خێڵگەراییش سەری دەرهێنا، بەتایبەتی لەئەبوزەبی کەناوەندی ئەو ئەنجومەنە راوێژکارەیە کەچوار خێڵە بەهێزەکە دەستیان بەسەردا گرتووەو تێیدا کاتێك ئەندامێك کۆچی دوایی دەکرد، کوڕەکەی جێی دەگرتەوە. ئەمەش وەك هەندێ لەئەندامانی ئەنجومەنی لۆردەکانی بریتانیایە. میرنشینەکەش بەدەم داواکارییەکانی ئەم خێڵانەوە دەچێ بۆ راکێشانیان بەلای خۆیداو هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش پۆستە باڵاکان دابەش دەکرێن.

ئەم ئەنگێزەیە گەیشت بەقۆناغی بێبەشبون چونکە وای لێهات کەهاووڵاتیی میرنشینێك لەمیرنشینەکانی تر وەك بێگانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکراو تەنانەت کاریگەری خراپی کردە سەر پرۆژەکانی پەرەپێدان لەمیرنشینە هەژارەکان وەك

نەخۆشخانەو خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان (چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ لێکۆڵیارێك کەنەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، ئیمارات، ٢٢/١٢/١٩٩٥).

هەروەها لەدابەشکردنی پۆستە وەزارییەکاندا دوو میرنشینەکەی ئەبوزەبیو دوبەی دەستیان بەسەر وەزارەتە سیادیو گرنگەکاندا گرتووەو باقیەکەشی بۆ نوێنەرانی میرنشینەکانی تر هێڵدراوەتەوە. ئەم گرفتە یەکێکە لەو گرفتە سەرەکیانەی کەدەوڵەتی فیدرالی ئیمارات نەیتوانیوە زاڵ بێ بەسەریداو هەر ئەم گرفتەشە کەدەشێ ببێ بەمایەی هەڕەشە بۆ سەر ئایندەی ئیمارات.

٢- پەیوەندیی نێوان فیدراسیونو ئەندامەکان: ئەگەرچی دەستور بەپێی هەردو ماددەی ١٢٠و ١٢١ پەیوەندی نێوان دەوڵەتی فیدرالو میرنشینە ئەندامەکان دیاری دەکا بەڵام دەبینین دەسەڵاتی خۆماڵی بەسەر دەسەڵاتی فیدرالدا زاڵە. لەبەرئەوە میرنشینە ئەندامەکان وای دادەنێن کەئەوان لەدەسەڵاتی ناوەند بەهێزترن، تەنانەت هەندێ



لەیاساکان بەقازانجی دەسەڵاتی لۆکال هەموار دەکرێو جاروباریش دەسەڵاتی لۆکال دەسەڵاتی فیدرال لەپاش خۆی بەجێدێڵێ. لەهەموشی مەترسیدارتر ئەوەیە کەحکومەتی میرنشینی لەزۆربەی بوارەکاندا ئیشوکاری دەسەڵاتی فیدرال جێبەجێ دەکا. ئەم پەیوەندیەش بەخاڵی لاوازی سیستەمە سیاسیەکە دەژمێردرێ بەچەشنێك کە کەرتە گرنگە فیدرالیەکان مل بۆ دەسەڵاتی لۆکال کەچ دەکەنو ئەو کەسانەی سەرۆکایەتی دەزگای راپەراندنی فیدرال دەکەن هەر ئەو کەسانەن کەسەرۆکایەتی دەزگا لۆکالەکانی راپەراندن دەکەن (چاوپێکەوتن، یوسف بزی (پەرلەمانتاری دێرین) ٢٩/١٢/١٩٩٥).

٣- سیستمی پشتاوپشت: ئەگەرچی نەریتی سیستمی پشتاوپشت مەسەلەیەکی ناوخۆییە بەڵام نەبونی میکانیزمو نۆرینێکی رون بۆ هەڵبژاردنی وەلی عەهد بۆتە مایەی نائارامیو ناسەقامگیری. زۆربەی جار کوڕی گەورە جێی باوکی لەفەرمانڕەواییدا گرتۆتەوە بەڵام هەمو

خانەدانێك ململانێی تێدا بوە لەسەر دەسەڵات. هەندێ لەدەسەڵاتدارەکان بەکودەتاو جاروبار بەکوشتن هاتۆتە سەر کار. ئەم پێشبڕکێ‌و رکابەرییەی ناو خانەدانەکان گیروگرفتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە کەهەڕەشە لەیەکپارچەیی‌و سەقامگیریی دەوڵەت دەکات. دەشێ روبەڕوبونەوەی نێوان ئەبوزەبی‌و دوبەی سەبارەت بەکودەتاکەی ساڵی ١٩٨٧ی شاریقە بەڵگەیەکی باش بێ لەسەر کاریگەری کاروباری ناوخۆ لەسەر چارەنوسی دەوڵەت(چاوپێکەوتن، عەبدوڵڵا حاج (دکتۆری بواری زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئیمارات) ٢٣/١٢/١٩٩٥). ئەگەرچی شێوە باوەکە ئەوەیە کەکوڕ جێی باوکی بگرێتەوە بەڵام دیاردەی توندوتیژی‌و پیلانبازی بەبەردەوامی هەبوە ئەویش لەبەر ئەوەی هیچ میرنشینێك دەستورێکی نەبوە چۆنێتی هەڵبژاردنی وەلی عەهد دیاری بکات، جگە لەوەی کەهەندێ لەوەلی عەهدەکان شارەزاییان لەبواری سیاسەتدا نیەو شایستەی ئەوە نین کە لەئایندەدا



جێی باوکیان بگرنەوە بەتایبەتی کەباوکەکان دەرفەتی خۆ پێگەیاندنیان بەڕۆڵەکانیان نەداوە.

سەرباری ئەوەی لەمەوبەر باس کرا، هەندێ گرفتی دیکە هەیە کە لەگەڵ پەیدابونی یەکێتیەکەدا سەریانهەڵدا لەوانە:

١- گیروگرفتی سنور: یەدەکی پەترۆلی ژێر زەویی ئیمارات بۆتە هۆی دروستکردنی قەیران لەنێوان دەوڵەتی فیدرال‌و دەوڵەتە دراوسێکان وەك ئەو گرفتەی لەم رووەوە لەگەڵ ئێران‌و عوماندا هەیە، سەرباری گیروگرفتی سنور لەنێوان میرنشینە ئەندامەکان کەئەمەش لەوانیتر مەترسیدارترە چونکە دابەشکردنی سنور لەنێوان میرنشینەکاندا لەسەر بنەمای دڵسۆزیی خێڵەکان بۆ میرەکان ئەنجام دراوەو لەم بارەیەوە گیروگرفتی سنور هەیە لەنێوان ئەبوزەبی‌و دوبەی، هەروا لەنێوان ئوم ئەلقیوین‌و شاریقەو هەروەها لەنێوان شاریقەو فجیرە کەتێیدا گەیشتە رادەی بەکارهێنانی هێز، هەروەها گیروگرفتی سنور

لەنێوان دوبەیو شاریقەش هەیە. شێخ زاید سەرۆکی دەوڵەت جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کەئەم ناکۆکیانە ئەندامانی فدراسیۆنەکە دەکەنە نەیاری یەکتریو هەندێ جار ململانێکە دەیان مەتری گرتۆتەوە، بۆ نمونە، دەوڵەت نەیتوانی نەخۆشخانەیەك لەسەر پارچەیەك زەوی دروست بکا چونکە هەر یەك لەدوبەیو شاریقە ئەو پارچە زەوییەیان بەهی خۆیان دەزانی (چاوپێکەوتن لەگەڵ نەسرین مراد لەبەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئیمارات، ٢٣/١٢/١٩٩٥). دیارە هەوڵدراوە هەندێ لەو گرفتانە چارەسەر بکرێن یاخود بەهەڵپەسێردراوی بهێڵدرێنەوە بەڵام هێشتنەوەی کێشەکان بەبێ چارەسەر دەشێ لەپاشەڕۆژدا ببێ بەمایەی هەڕەشە چونکە زۆر ئاسانە کێشەکان پەرە بستێنن، بەتایبەتی کەسنور لەنێوان میرنشینەکاندا لەبنەمادا نەبوەو بریتانیا کێشاویەتیو وایکردوە هەندێ لەمیرنشینەکان لەپاڵ یەکتریەوە بن.



٢- گیروگرفتی دیموگرافیو کۆچی بیانی: ژمارەی دانیشتوانی میرنشینە ئاشتبووەکان لەساڵی ١٩٥٧دا نزیکەی ٨٠,٠٠٠ کەس بوو. ئەم ژمارەیە لەساڵی ١٩٦٨دا گەیشتە دەوروبەری ١٧٩ هەزار. لەساڵی ١٩٨١یش بوە نزیکەی یەك ملیۆنو ٤٠ هەزار. لەناوەڕاستی نەوەدەکانیش گەیشتە دەوروبەری یەك ملیۆنو ٢٩٢ هەزارو ئەمە دەکاتە نزیکەی ٢٨٪ی دانیشتوان. باقی دانیشتوان کەرێژەیان دەگاتە نزیکەی ٧٢٪ بێگانەنو زۆربەیان خەڵکی پاکستانو هندستانو ئێرانن‌و بەشێکی زۆری کۆچبەرەکان لەڕێی دەریاوە بەشێوەیەکی نایاسایی چوون بۆ ئیمارات بەتایبەتی کەدەریای بەردەم ئیمارات درێژییەکەی دەوروبەری ٤٠٠ میل دەبێو دەوڵەت ناتوانێ کۆنترۆڵی دەروەکانو سەرکەنار دەریای کراوە بکات. لەسەرژمێری ساڵی ١٩٨٥دا ئەنجامەکان بەنهێنی مانەوەو بڵاو نەکرانەوە بەڵام هەندێ لەسەرچاوەکان دەڵێن رێژەی هاووڵاتیان لە ١٠٪ی سەرجەمی دانیشتوان

تێناپەڕێ (الاتحاد ١٩٨٤)و (غنیم والشاعر ١٩٧٨، ٣١-٣٧). لێرەدا ئەم پرسیارە قوت دەبێتەوە: کێ بەرپرسیارە لەم گێروگرفتە؟

هەندێ لێکۆڵیار دەڵێن گێروگرفتەکە زادەی چەردەیەك هۆکارە لەوانە:

ا- کۆنترۆڵ نەکردنی دەروازەکانی وڵات لەلایەن دەوڵەتی فیدراڵەوە.

ب- گوشاری کەرتی تایبەت بۆ هێنانی دەستی کاری لاوەکی زۆرتر.

ج- پابەند نەبونی میرنشینە ئەندامەکان بەیاسا فیدرالیەکانو بەخشینی دەسەلاتێکی زۆر بەحکومەتە ناوچەییەکان بۆ هێنانی کرێکارانی بیانی.

د- هەندێ لەمیرنشینە هەژارەکان ڤیزا دەفرۆشن و بەمە داهاتیان دەستدەکەوێ. تەنانەت هاوولاتی ئاساییش ئەم کارە دەکا. ئەم ژمارە زۆرەی کرێکارانی بێگانەش مەترسیی کەلتوریو شارستانیان هەیە، سەرباری کۆنترۆڵکردنی



ئابوریی وڵات. خوالێخوشبو شێخ زایدی سەرۆکی دەوڵەت کەباسی هۆکانی دەست لەکارکێشانەوەی لەساڵی ١٩٦٧دا دەکرد، یەکێ لەهۆکانی دەبردەوە سەر کردنەوەی سنور بۆ خەڵکانی نا عەرەبو دەیوت سەرۆکی دەوڵەت نازانێ کێ دێتە ناو وڵاتو ئەگەر بشزانێ دەسەلاتی ئەوەی نیە کەسنورێك بۆ ئەم دیاردەیە دابنێت. ناوبراو دەیگوت سنوری ئیمارات ملکەچی یاساکانی وڵات نیەو خاکی دەوڵەت بەخەڵکانی ناعەرەب دەفرۆشرێ کەئەمەش لەئایندەدا مەترسیەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر محەمەد مەحمود لەبەشی زانستە سیاسیەکانی زانکۆی ئیمارات، ٢٤/١٢/١٩٩٥).

دەوڵەت چەند هەوڵێکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گێروگرفتە دا. دیارە هەموان هەست بەهەڕەشەی ئەم گرفتە دەکەنو داوای چارەسەر دەکەن کەچی هەموشیان بەکردەوە دەستیان لەتەشەنەسەندنیدا هەیەو خۆیشیان لەلێپرسراوەتیی گرفتەکە دەدزنەوە.

٣- بودجەی فیدرالی: پاش دامەزراندنی ئیماراتێکی فیدرال میرنشینی ئەبوزەبی رۆڵێکی کاریگەری لەدامەزراندنو دەستەبەرکردنی بودجەی دەوڵەتەکەدا بینی، بۆیە بودجەی دەوڵەت تا ساڵی ١٩٧٦ بەشێوەیەکی سەرەکی پشت ئەستور بوو بەمیرنشینی ئەبوزەبی، ئەگەرچی دەستور بەپێی ماددەی ١٢٧ دەڵێ ((میرنشینە ئەندامەکان رێژەیەکی دیاریکراو لەداهاتی ساڵانەیان بۆ روماڵکردنی خەرجیەکانی بودجەی گشتیی ساڵانەی دەوڵەت دەستەبەر دەکەن، ئەویش بەو جۆرو بڕەی کەیاسای بودجە دەستنیشانی دەکات)). ساڵی ١٩٧٦ ئەنجومەنی باڵا ئەوەی پەسند کرد کەهەر میرنشینێك بەرێژەی ٥٠٪ی داهاتی دەبێ بەشدار بێ لەبودجەی دەوڵەتداو پارەو پولی پێویست بۆ پەرەپێدان دابین بکات، بەڵام هەندێ لەمیرنشینەکان تەنانەت بەرێژەی ١٪ یش بەشداری ناکەنو هەندێ میرنشینی تر تەنانەت بودجەی گشتیی میرنشینەکەش راناگەیەنن نەبا لایەنە شارەزاکان



ئاگاداری بن، کەچی لەهەمان کاتدا داواکاریشن دەوڵەت پڕۆژەو خەرجیەکانی ئەو میرنشینە بگرێتە ئەستۆ. ئەمەش بەو واتایە دێت کەقورساییەکە کەوتۆتە سەر شانی میرنشینی ئەبوزەبی (چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد متەووەع ئوستادی بەشی سۆسیۆلۆژیا لەزانکۆی ئیمارات لە١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٩٥). پابەند نەبونی زۆربەی میرنشینەکان بە بەشداریکردن لەبودجەی فیدرال، ساڵی ١٩٧٦ وای لەشێخ زاید کرد دەستبەرداری سەرۆکایەتی دەوڵەت بێ. بودجەی دەوڵەت تائەمڕۆ کەموکوڕی هەیە، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك لەوانە:

١- پشت بەستنی دەوڵەت بەمیرنشینی ئەبوزەبی لەبودجەی فیدرالیدا، لەکاتێکدا خودی ئەم میرنشینە لەداهاتدا پشت ئەستورە بەیەك داهات کەپەترۆڵە کەنرخی لەبازاڕدا جێگیر نیەو ئەبوزەبی بەتەنها ناتوانێ ئەرکەکانی بودجە جێبەجێ بکا.

ب- پابەند نەبونی میری میرنشینەکان بەو بەشە پارەیەی بۆیان دیاری کراوە لەبودجەی فیدرالدا.

ج- نەبونی متمانە بەتوانای دەوڵەتی فیدرال بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری دارایی دەوڵەتو نەبونی لایەنێکی سانسۆر کەبزانێ داهاتی بنەڕەتی هەر میرنشینێك چەندە.

د- هەندێ لەحوکمڕانەکان نایانەوێ بەشداری لەبودجەکەدا بکەن چونکە وای دادەنێن کەهیچ ڕۆڵێکیان لەبەڕێوەبردنی دەوڵەتی فیدرالدا نیەو ئەوان داوا دەکەن مافی ڤیتۆ هەڵبوەشێنرێتەوە کەتایبەت بە ئەبوزەبیو دوبەیە.

ه- هانا بردنی زۆربەی حوکمڕانەکان بۆ جێبەجێکردنی هەندێ پڕۆژە لەمیرنشینەکانی خۆیان یان دابینکردنی بودجە بۆ سوپاو حیسابکردنی پارەکە لەسەر بودجەی فیدرال بەبێ ئەوەی ئەم داهاتە داراییە وەزارەتی دارایی فیدرال وردبینیی بۆ بکاتو لەم بارەیەوە ئەم میرنشینانە پارەکە راستەوخۆ دەدەنو لەسەر حیسابی بودجەی تۆمار



دەکەن (چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەلی میحەد لێکۆڵیاری ئابوری لەوەزارەتی بازرگانی ئیمارات لە ٢٢ی کانونی یەکەمی ١٩٩٥).

پاش ئەوەی گرنگترین گیروفتە سەرەکیەکانمان تاوتوێ کردو بۆمان دەرکەوت کە لەسۆنگەی تێکهەڵکێش بونی دەسەڵاتەکانەوە دەسەڵاتی ناوچەیی زاڵە بەسەر دەسەڵاتی فیدرالداو دەسەڵاتی ئەنجومەنی باڵاش زاڵە لەمەسەلەی بڕیارداندا ئەوەشمان بۆ رون بۆوە کەهەندێ لەئەندامەکان نایانەوێ دەسەڵاتی فیدرال زیاد بکرێ یان پێوەی پابەند نابن، دەبینین هەندێ لەو گیروگرفتانە لەسەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی فیدراڵەوە لەساڵی ١٩٧١دا هەر هەبوەو هەندێکی دواتر دەرکەوتوەو دەسەڵاتی فیدرالیش نەیتوانیوە چارەسەری هیچ کامێك لەو گیروگرفتانە بکات. لەئاکامدا، لاوازی دەسەڵاتی فیدرال لەهەمبەر جیهانی دەرەوە یەکسانە بەلاوازی دەسەڵاتی فیدرال لەکاروباری

ناوخۆی وڵاتداو ئەمەش پەرەسەندنی گرفتەکانو نەبونی ڕێگەچارەی گونجاوی لێ کەوتۆتەوە.

## پێوەری سێیەم:

## یەکسانی لەسیستمی ئیماراتدا

بەپێی ئەم پێوەرە دەبێ هەرێمە ئەندامەکانی فیدراسیۆن یەکسان بنو وەك یەك لەناو دەوڵەتەکەدا بایەخیان هەبێ. بۆ ساغکردنەوەی ئەم پرنسیپە، زۆربەی جار دەوڵەتی فیدرال دوو ئەنجومەنی دەبێ یەکێکیان ئەنجومەنی نوێنەرانە کەگوزارشت لەتەواوی گەل دەکاو ڕاستەوخۆ لەلایەن هاوولاتیانەوە هەڵدەبژێردرێو ئەوی دیکە ئەنجومەنی فیدراڵە کەنوێنەرایەتی هەرێمە ئەندامەکان دەکاتو لەچەند نوێنەرێکی هەڵبژێردراوی ئەو هەرێمانە پێکدێ، وەك ئەنجومەنی پیران لەئەمریکا (هوریو، ج ١، ١٩٧٤، ١٥٤-١٥٥).



ئایا ئەم پێوەرە لەسەر فیدرالیزمەکەی ئیمارات پراکتیزە دەکرێ؟ ئایا ئیمارات ئەنجومەنێکی فیدرالی هەیە؟ ئایا ئەم ئەنجومەنە یەکسانیو بایەخ دابین دەکات؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، دەڵێین ئیمارات دوو ئەنجومەنی هەیە: یەکێکیان ئەنجومەنی نیشتمانیی فیدراڵە کە بەدەسەڵاتی یاسادانان دادەندرێ کەدەسەڵاتێکە لەیەك ئەنجومەن پێکدێو ئەوی تر ئەنجومەنی باڵایە کەدەزگایەکی ڕاپەڕاندنی ئیشوکارە.

## یەکەم- پێکهاتەو دەسەڵاتەکانی ئە نجومەنی نیشتمانیی فیدرال:

لەئەمریکا دەسەڵاتی یاسادانان لەدوو ئەنجومەن پێکدێت یەکێکیان ئەنجومەنی نوێنەرانە کەنوێنەرایەتی دانیشتوان دەکاو ئەوی دیکە ئەنجومەنی پیرانە کە بەیەکسانی نوێنەرایەتی ویلایەتە ئەندامەکان دەکات. بەڵام لەئیمارات تەنها یەك ئەنجومەن هەیە کەپێی دەوترێ

ئەنجومەنی نیشتمانیی فیدرالو ئەم ئەنجومەنە لەچل ئەندام پێکدێت کەدادەندرێنو بەم شێوەیە دابەش کراون: ئەبوزەبی ٨ کورسی، دوبەی ٨ کورسی، شاریقە ٦ کورسی، رەئسولخێمە ٦کورسی، عەجمان ٤ کورسی، ئوم ئەلقیوین ٤ کورسیو فجێرە ٤ کورسی. دەسەلاتەکانی ئەم ئەنجومەنەش لەماددەکانی ٤٩و ٩١و ٩٢و ١٠١ی دەستور دیاری کراون[10] .

لەکاتێکدا ئەرکی بنەڕەتی ئەنجومەنی نوێنەران لەهەمو شوێنێکدا بریتیە لەیاسادانانو چاودێریکردنی دەسەلاتی راپەڕاندن لەسەر بنچینەی پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانو پشکنینو بالانس، ئەنجومەنی نیشتمانیی ئیمارات بەپێچەوانەی ئەمەوە نە مافی یاسادانانی هەیە نە مافی پێشنیارکردنی یاساکانو نە

[10] بۆ زانیاریی زۆرتر دەربارەی پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیو مەرجەکانی ئەندامێتیو سیستمی کارکردن تێیداو دەسەلاتەکانی، بچۆرەوە سەر بەشی چوارەمی دەستوری ئیمارات.



مافی چاودێریکردنی دەسەلاتی راپەڕاندنی هەیە کەچی دەسەلاتی راپەڕاندن بەپلەی یەکەم مافی یاسادانانی هەیە ئەویش لەرێگەی سێ دەزگاکەی ئەنجومەنی بالاو سەرۆکی دەوڵەتو ئەنجومەنی وەزیرانەوە. تاکە ماف کەئەنجومەنی نیشتمانی هەیەتی مافی گفتوگۆو رادەربڕینە، واتە رای ئەم ئەنجومەنە رایەکی راوێژکاریەو بەس.

## دەسەلاتەکانی دەزگای یاسادانان لەئەمریکا

لەئەمریکا دەسەلاتی یاسادانان جیایە لەدەسەلاتی راپەڕاندنو تەنانەت ئەگەر ناتەباییش بکەوێتە نێوان هەردو دەسەلات، هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجام نادرێ. کۆنگریسی ئەمریکی بەناوەندی سیستمی سیاسی دادەندرێو لەسەروی هەمو لقەکانەوەیە.

دەسەلاتی یاسادانان لەدو ئەنجومەن پێکدێ کەئەنجومەنی پیران (Senate)و ئەنجومەنی نوێنەرانە. دەسەلاتی بنچینەیی کۆنگرێس دەرکردنی یاسایەو لەم

بوارەدا مەسەلەی باجی لێ دەرچێ کەتێیدا دەستپێشخەری بەدەست ئەنجومەنی نوێنەرانەوەیە، هەردو ئەنجومەن یەکسانو وەکیەکن. بەپێی برگەی هەشتەمی ماددەی یەك دەسەڵاتەکانی کۆنگرێس دیاریکراوەو گرنگترینیان، سەرباری ئەوەی کەباس کرا، بریتین لەبەدەستهێنانی بەرگریی هاوبەش، هێنانەدیی خۆشگوزەرانی بۆ ئەمریکا، قەرزکردن، رێکخستنی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی تر، دروستکردنی ناوچەی فیدرال، پێکهێنانی سیستمی پۆستە، دانانی بنەماکانی بەخشینی رەگەزنامەو مافەکانی داهێنان، پێکهێنانی دادگای نزمتر لەدادگای باڵا، سەرکوتکردنی ئاشوبو پاشاگەردانی، راگەیاندنی جەنگ، جێبەجێکردنی دەسەڵاتی یاسادانان بەشێوەیەکی رەها لەهەمو ئەو دۆخانەدا کەتێیدا هەندێ ناوچەی دیاریکراو دەبن بەبارەگای حکومەتی ئەمریکا، سەرباری چەند ئەرکێکی تر بەڵام دیارە گرنگترین دوو ئەرکی دەسەڵاتی



یاسادانان دەرکردنی یاساو چاودێریکردنی دەسەڵاتی راپەڕاندنە.

دەسەڵاتی یاسادانان زۆر چەکی هەیە کەدەتوانێ لەدژی سەرۆك بەکاریان بهێنێو هەروەها دەتوانێ هەمو یاسایەك دەربکا تەنانەت ئەگەر سەرۆکیش ڤیتۆی بەکار هێنا، جگە لەوەی کەدەسەڵاتی بەکارهێنانی پشتیوانیی دارایی هەیەو دەتوانێ دیوانی لێپرسینەوە بخاتە گەڕ کەئەویش دەزگایەکە راپۆرتەکانی خۆی بۆ کۆنگرێس بەرز دەکاتەوە ( Dye & Zeigler 1990).

ئەگەر دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیی فیدراڵی ئیمارات بەراورد بکەین لەگەڵ کۆنگرێسی ئەمریکادا، ئەوا زوڵم لەکۆنگرێس دەکەین چونکە یەکەمیان تەنها دەسەڵاتێکی راوێژکاری هەیەو دووەمیان کرۆکی سیستمی سیاسیی ئەمریکا پێکدێنێ. لەئیمارات هیچ لێك جویێ کردنەوەیەکی دەسەڵات نابینرێ، بەتایبەتی جیاکردنەوەی دوو دەسەڵاتەکەی یاسادانانو راپەڕاندن. جگە لەوە،

ئیمارات هاوسەنگی دەسەڵاتەکانی تێدا نیە چونکە دەسەڵاتی راپەڕاندن زاڵە بەسەر دوو دەسەڵاتەکەی تر داو دەتوانێ کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ کاتێکی دیاریکراو دوا بخاتو دەشتوانێ ئەنجومەنەکە هەڵبوەشێنێتەوە، لەکاتێکدا ئەنجومەنەکە مافی پێشنیارکردنی یاساشی نیەو ئەوەی کەیاسا دەردەکاو جێبەجێ دەکا دەسەڵاتی راپەڕاندنەو لەم سەروبەندەدا ئەنجومەنی نیشتمانی ئەنجومەنێکی راوێژکارەو نوێنەرایەتی گەل ناکا بەڵکو نوێنەرایەتی حوکمڕانەکان دەکاتو بەهەڵبژاردن پێك نایە بەڵکو بەدانان پێکدێ ئەوانەی کە لەوێ دادەمەزرێن مەرجی لێوەشاوەییان بۆ نەکراوەتە پێوەر بەڵکو دڵسۆزیان بۆ فلانو فیسار بۆ کراوەتە پێوانە(چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر سالم مەحمود لێکۆڵیار لەوەزارەتی تەندروستی ئیمارات لە ٢٢/١٢/١٩٩٥).



جگە لەوە، ئەنجومەنی نیشتمانی بەرێکوپێکی کۆ نابێتەوەو زۆربەی جاریش کەس گوێ ناداتە راسپاردەکانی. ئەم ئەنجومەنە یەکسانی لەنێوان ئەندامانەکانیدا نیە. ماددەکانی ٦٨و ٧٠و ٧٢و ٨٩ی دەستور شێوەی پێکهێنانی ئەنجومەنەکەو مەرجەکانی ئەندامێتیو ماوەو دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکەیان دیاریکراوە. ئەم ئەنجومەنە چەند خاڵێکی لاوازی هەیە کەوایان لێکردوە ئەنجومەنەکە کلۆرو بێ ناوەڕۆك بێ وەك:

ا- ئەم ئەنجومەنە دەسەڵاتی یاسادانانو چاودێری نیە کەدوو ئەرکن دەبێ پێی بسپێردرێن، لەکاتێکدا یەکەم بڕگەی ماددەی یەکی دەستوری ئەمریکا دەڵێ ((تەواوی دەسەڵاتی یاسادان بەکۆنگریسی ئەمریکا دەدرێ...)).

ب- کەموکوڕی دووەم ئەوەیە کەئیمارات پەیڕەوی لەسیستمی تاك ئەنجومەنی دەکا (کەئەنجومەنی نیشتمانیە) لەکاتێکدا دەوڵەتە فیدرالەکان پەیڕەوی لەسیستمی دوو ئەنجومەنی دەکەن. لەم پێودانگە ئەمریکا

دوو ئەنجومەنی هەیە، هەروەها هیندو روسیاو دەوڵەتە فیدراڵەکانی دیکە.

ج- شێوەی پێکهێنانی ئەنجومەنەکە کەدەبوایە بەهەڵبژاردن بێ، دەوەستێتە سەر ئارەزوی میرنشینەکان. دانانی ئەندامانیش دەوەستێتە سەر دڵسۆزی بۆ فلان‌و فیسارو بەلێوەشاوەیی نیە. لەئەنجامدا ئەم ئەنجومەنە نوێنەرایەتی گەل ناکاو رەنگدانەوەی بۆچونەکانی گەل نیە بەڵکو رەنگدانەوەی بۆچونەکانی حوکمڕانە ئەندامەکانە. دانانی ئەم ئەندامانەش بۆتە هۆی پەیدابونی کێشەی نەچونی رەگەزی ناعەرەب بۆ ناو ئەنجومەنەکە، ئەگەرچی هاولاتیانی ناعەرەب لەهەندێ لەمیرنشینەکان رێژەیەکی دیاری دانیشتوان پێك دەهێنن.

د- نەبونی یەکسانی لەنێوان میرنشینەکاندا لەپێکهاتەی ئەنجومەنەکەدا. ماددەی ٦٨ بۆ هەر میرنشینێك ژمارەیەك ئەندامی دیاری کردوە. ئەمەش کەموکوڕیەکی گەورەیە لەبالانسی نێوان ئەندامەکاندا.



بەمجۆرە، دەردەکەوێ کەزیاد لەکەموکوڕیەك لەپێوەری یەکسانی‌و بایەخی ئەندامەکاندا هەیەو گەورەترین کەموکوڕیش بێ دەسەڵاتی دەزگای یاسادانانە کەدەزگایەکە لەپێکهاتەو نوێنەرایەتی‌و یەکسانیدا لاوازە چونکە بەشداریی سیاسی‌و هەڵبژاردنی دەزگای یاسادانان لەگرنگترین بنەماکانی فیدرالیزمن. مەسەلەکەش ئەوەیە کە لەئیماراتدا دەسەڵاتی یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و چاودێریکردن هەر هەموی دراون بەدەسەڵاتی راپەڕاندن، کەچی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆتە ئەنجومەنێکی راوێژکاری بێدەسەلات، سەرباری نارێکوپێکی بەسترانی خولەکانی‌و سەرباری ئەوەی کەماددەی ٧٩ی دەستور وایکردوە کەسەرۆکی دەوڵەت خۆی داوای بەسترانی لێ بکا، بەلام تەنانەت ئەگەر ئەم ئەنجومەنە کۆببێتەوەش، راسپاردەکانی کەس گوێی پێ ناداو کەس لەبەرچاوی ناگرێ.

## دووەم- ئەنجومەنی باڵاو مەسەلەی یەکسانی ئەندامەکانی:

ئایا لەناو ئەندامانی ئەنجومەنەکەدا یەکسانی هەیە؟ ماددەی ٤٩ی دەستور دەڵێ ((بڕیارەکانی ئەنجومەنی باڵا سەبارەت بەمەسەلە بابەتیەکان بەزۆرینەی پێنج ئەندام دەردەچن بەمەرجێك ئەم زۆرینەیە هەردو دەنگی میرنشینی ئەبوزەبی‌و میرنشینی دوبەی تێدا بێ. کەمینەش پابەندی رای زۆرینەی ناوبراو دەبێ)). ئەمە بەو مانایە دێت کەهەردو میرنشینی ناوبراو مافی ڤیتۆیان هەیەو ئەگەر هەر کامێکیان بەبڕیارێك رازی نەبوو، هیچ بایەخێك بۆ رەزامەندی میرنشینەکانی تر نامێنێ. هەندێ لەتوێژەرەکان پێیان وایە نایەکسانی رۆڵێکی باشی هەیەو ئەمە لەگەڵ مافی ڤیتۆی پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشدا بەراورد دەکەن، ئەویش لەسەر ئەو بنچینەیەی کەئەندامە گەورەکان بەشێوەیەکی بەرپرسانەو بۆ قازانجی



هەموان هەڵسوکەوت دەکەن (چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەلی شامسی ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی فیدرالی ئیمارات لە ٢٢ی کانونی یەکەمی ١٩٩٥).

هەندێکی تر رایان وایە کەنایەکسانی دەبێتە هۆی پێشێلکردنی بنەمای وەکیەکیی سیستەمە فیدرالەکان‌و کاریگەری خراپی دەبێ لەسەر بۆ پێشەوە چوونی دەوڵەتی فیدرال چونکە سەلماندنی مافی ڤیتۆ بۆ هەندێ میرنشین رەوتی فیدرالیەکە دەشێوێنێ. ئەمانە لەو بڕوایەدان کەئەم مافە لەسەر بناغەی هێزی ئابوری سەلمێنراوەو لەم مەسەلەیەدا لاوازی ئابوری زۆرینەی ئەندامەکان بایەخی هەر هەنگاوێکی باش کەم دەکاتەوە کەدەشێ زۆرینە بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت بێنێ‌و هەر گۆڕانکارییەکی ئابوریش لەکاتی دۆزینەوەی نەوت‌و هەر داهاتێکی تر لەمیرنشینە هەژارەکاندا پێویست بەوە دەکات کەهەندێ لەماددەکانی دەستور بگۆڕدرێن کەدیارە ئەمەش چارەنوسی یەکێتیەکە دەخاتە مەترسییەوە.

## پێوەری چوارەم:

## دادوەریی فیدرال لەسیستمی ئیماراتدا

زۆربەی کات دەسەڵاتی دادوەری رۆڵێکی گەورەی دەبێ لەسیستمی فیدرالیداو هەر کات ناکۆکی لەنێوان دەسەڵاتی فیدرالیو هەرێمەکانی دەوڵەتەکە رویدا، دەبێ هانا بۆ دادوەری ببرێت چونکە ناکۆکیەکە بەشێوەیەکی دبلوماسیانە یان بەشێوەیەکی ئیداری چارەسەر ناکرێت (هوریو ج١، ١٩٧٤، ١٥٥). جا ئایا لەئیمارات دادگای باڵا چ رۆڵێکی هەیە؟ ئایا ئەم دادگایە دەستی هەبوە لەچارەسەرکردنی ناکۆکیو کێشەکانی نێوان ئەندامان یان نێوان ناوەندو ئەندامەکان؟ بەر لەوەی بچینە قوڵایی باسەکە، پێشتر باسی سروشتی دادوەریی فیدرالو چۆنێتی پێکهێنانی دادگای باڵاو دەسەڵاتەکانی دەکەین.

دادوەری یەکێ لەدامەزراوە سیاسیە فیدرالیەکانەو ماددەی ٩٤ی دەستور باس لەوە دەکات کەداد بناغەی حوکمڕانیەو دادوەرەکان سەربەخۆنو لەکارکردندا تەنها سەر بۆ یاساو ویژدانی خۆیان کەچ دەکەن. ماددەی ٩٥ی دەستوریش باس لەوە دەکا کەدەبێ دەوڵەت دادگایەکی باڵای فیدرالو چەند دادگایەکی بەرایی فیدرالی هەبێ. دادگای باڵای فیدرالیش لەسەرۆکی قازییەکانو چەند قازییەك پێکدێ کەژمارەیان لەپێنج کەس زیاتر نابێو بەمەرسومێکی سەرۆکی دەوڵەت پاش رەزامەندی ئەنجومەنی باڵا پێك دەهێنرێت. ئەم دادگایە باڵاترین دادگایە لەدەوڵەتداو ماددەی ٩٩ی دەستور دەسەڵاتەکانیو ئەو مەسەلانە دیاری دەکا کەدادگاکە لێیان دەکۆڵێتەوە.

بەپێی ماددەی ١٠٢ی دەستور دەبێ فیدراسیۆنەکە دادگای فیدرالی بەرایی هەبێ کە لەپایتەختی دەوڵەت یان لەهەندێ لەپایتەختەکانی میرنشینەکان دادەمەزرێ بۆ ئەوەی ئەرکی خۆی بەپێی ماددەکە جێبەجێ بکات.

بەپێی دەستور میرنشینەکان بۆیان هەیە دادگای خۆیان هەبێ یاخود لەگەڵ دادگای فیدرالیدا تێکهەڵکێشی

بکەن. لەڕاستیشدا هەندێ لەمیرنشینەکان دادگاکانی خۆیان لەگەڵ دادگای فیدرالیدا تێکهەڵکێش کرد بەلاّم کێشەکە لەوە دایە کەئەو یاسایانەی لەمیرنشینەکاندا جێبەجێ دەکرێن وەك یەك نین، جگە لەوەی دادگای شەرعیو دادگای مەدەنیش هەیە. دادگا شەرعیەکان ئەو دادگایانەن کەپێش سەربەخۆبونی ئیمارات، سعودیە دایمەزراندووەو ئەو دادگایانە تا ئەمڕۆ لەڕوی دانانی دادوەرو موچەوە سەر بەسعودیەن. جێی سەرنجدانە کەهاوولاّتی نازانێ کەی دەبێ ملکەچی دادگای شەرعی بێو کەی دەبێ ملکەچی دادگای مەدەنی بێ، جگە لەوەی کەهەر دادگایەك حوکمی خۆی هەیە کەجیاوازە لەحوکمی دادگاکەی تر. بۆ نمونە، ئەو هاوولاّتیەی کە لەسەر تاوانێکی دیاریکراو لەمیرنشینێکدا لەسێدارە دەدرێ، ڕەنگە لەمیرنشینێکی تردا بۆ ماوەیەکی کەم بخرێتە زیندانەوەو زۆربەی جاریش میرەکان دەست لەحوکمی



دادگاکان وەر دەدەن چ دادگاکە شەرعی بێ یاخود مەدەنیو زۆر جاریش میری میرنشینەکە حوکمەکە جێبەجێ ناکات.

بڕیارەکانی دادگای بالاّی فیدرال بڕیاری یەکجارەکینو هەر دەبێ جێبەجێ بکرێن. ئەمەش بەپێی ماددەی ١٠١ی دەستور. بەلاّم لەبەر ئەوەی لەئیماراتدا نە میرنشینە ئەندامەکان ئەم کێشانەیان بردۆتە بەردەم دادگای دەستور نە دەزگا فیدرالیەکانو نە دادگاکانی تری دەوڵەت، دادگای دەستوری بۆی نەلواوە ڕۆڵێکی گرنگ لەچارەسەرکردنی کێشەکانی دەوڵەتەکەدا بگێڕێت، ئەگەرچی لەڕوی تیۆریەوە جەخت کراوەتە سەر ئەرکە دەستوریەکانی دادگای فیدرالو پێویستی پابەندبون پێیان.

## دادوەریی فیدرالی ئەمریکا

فیدرالیزم لەئەمریکا سیستمێکی دوانەی ئافراندوە چونکە لەپاڵ دادگا فیدرالیەکان دادگای ویلایەتەکان هەیە. ئەم سیستمە سێ جۆر دادگای فیدرالی هەیە گرنگترینیان دادگای بالأی ئەمریکایە کە لە ٩ دادوەر پێکدێ‌و سەرۆکی دادگا بەکەسی دووەم لەدەوڵەتدا دەژمێردرێ. سەرۆك پاش ڕەزامەندی ئەنجومەنی پیران ٩ دادوەرەکە بەڕیزبەندی درێژی تەمەن دادەمەزرێنێ. لەدامەزراندنی دادوەرەکاندا فاکتەرە سیاسیەکان لەبەرچاو دەگیرێن‌و هەوڵیش دەدرێ هۆمۆجینیەکی دیاریکراو بێتە دی. دادگای باڵا دوو ئەرکی بنچینەیی هەیە یەکێکیان ئەرکێکی دادوەرییەو ئەوی تر سیاسی- دادوەرییە، جگە لەوەی کەچاودێری گونجانی یاساکانی ویلایەتەکان‌و یاسا فیدرالیەکان لەگەڵ دەستوردا دەکات.



هەندێ لەبڕیارەکانی ئەم دادگایە ڕۆڵێکی گرنگیان لەسیاسەتی ناوخۆی ئەمریکادا گێڕاوە وەك بڕیاری نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی‌و بڕیاری یەك دەنگ بۆ یەك کەس، جگە لەوەی کەڕۆڵێکی گرنگی هەبوە لەدیاریکردنی خاڵە پێویستەکانی دەستوری ئەمریکا ئەویش لەڕێی ڕاڤەکردنی دەستورەوە (Stephenson 1992).

ئەگەر لەم ڕووەوە لەمەسەلەکە ورد بینەوە، دەردەکەوێ کە لەپێکهێنانی دادگای باڵای ئەمریکاو ئیماراتدا خاڵی هاوبەش هەیەو هەروەها ڕۆڵی هەردو دادگاش لەیەکتری دەچێ. بەلأم لەناوەڕۆکدا بۆمان دەردەکەوێ کەدادگای فیدرالی ئیمارات کێشەیەکی سەرەکی هەیە ئەویش ئەوەیە کەهیچ کێشەیەکی بۆ بەرز ناکرێتەوە ئەگەرچی کێشەکان زۆرن‌و پێویستیان بەو لایەنە هەیە کەدەبێ یەکلایان بکاتەوە. لەوەتی ئیمارات وەك دەوڵەتێکی فیدرال لەساڵی ١٩٧١دا دامەزراوە زۆر کێشەی سنور لەنێوان میرنشینەکاندا هاتۆتە ئاراوە. ئایا دادگای فیدرال لەم

مەسەلەیەدا هیچ رۆڵێکی هەبوە؟ ئەگەرچی کێشەکە گەیشتە ئاستی بەرپابونی ململانێی چەکدار کەچی دادگاکە هیچی پێ نەکراو بەکۆڵەواری مایەوەو پاشان کێشەکە بەڕێگای دیپلۆماسی چارەسەر کراو هەروەها بەهەوڵو کۆششو دەستێوەردانو گوشاری دەوڵەتانی دراوسێو حکومەتی فیدرالو حکومەتە ناوچەییەکان پێیان چارەسەر نەکرا. ئەم دادگایە نەیتوانیوە رێ لەپێشێلکردنی دەستورو یاسا فیدرالیەکان بگرێ کەزۆر جار میرنشینەکانو خودی دەسەڵاتی فیدرال پێشێلیان کردووە.

کاتێك ڕۆڵو کاریگەری دادگای باڵای ئەمریکاو ئیمارات بەراوردی یەکتری دەکەین، دەبینین دادگای باڵای ئەمریکا رۆڵی سەرەکیو بنچینەیی لەپەرەپێدانی دەستوری ئەمریکادا هەبووە بەبێ ئەوەی پێویست بەپەسندکردنو ریفراندۆم بکات. بڕیارو بیرو بۆچونەکانی ئەم دادگایە بەسەرچاوەی سەرەکی یاسای دەستوری ئەمریکا دادەندرێن،



کەچی لەئیماراتدا دادگای باڵا وەك ئەوەی لەئەمریکا رویداوە، ئەم رۆڵە پۆزەتیڤەی نەگێڕاوە. هۆکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەکێشەکانی ناکۆکی نەچونەتە بەردەمی. دیارە هەموان ئەم سیاسەتە پیادە دەکەنو هەمویان مەبەستیانە دادگاکە رۆڵێکی لاوەکی هەبێ کەئەمەش لەقازانجی فیدرالیزمدا نیە. کورتیەکەی ئەوەیە کە لەپێوەری چوارەمدا دەردەکەوێ کەدادوەریی فیدرال لەئیمارات لەڕوی دەستورییەوە بەشێوەیەکی تیۆریکی هەیە بەڵام بەکردەوە نیەو هیچ رۆڵێکیشی نیە.

ئەم توێژینەوەیە ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرێ کەئەو پێوەرانەی کەهەر یەك لەهۆریۆو دووچیك دایانناوە، ساغیانکردۆتەوە کەئاستێکی باڵایان هەبوە لەتێگەیشتنی سیستمی فیدرالی ئیمارات. ئەگەرچی هەندێ لەو پێوەرانە لەڕوی تیۆریکیەوە هەن بەڵام زۆربەیان پراکتیزە ناکرێنو کەس کاریان پێ ناکات. ئەمەش بەکردەوە بەو واتایە دێ کەفیدرالیەکەی ئیمارات کە زیاتر مۆرکی کۆنفیدرال

بەسەر دەستورەکەیدا زاڵە، هێشتا نەگەیشتوە بەقۆناغی فیدرالی، بەتایبەتی لەبواری سامانی سروشتیو مافی ڤیتۆی هەندێ لەمیرنشینەکان لەئەنجومەنی باڵادا کەئەمەش دەبێتە هۆی لەقبونی پرنسیپی یەکسانی لەنێو ئەندامەکانی فیدراسیۆنەکەدا.

ئەو فیدرالیەی لەئیماراتدا هەیە فیدرالیەکی بێ نمونەیە چونکە هەم تایبەتمەندی سیستمی فیدرالی هەیە، هەم تایبەتمەندی سیستمی کۆنفیدرال، بەم شێوەیە: دەسەڵاتی فیدرال بەدەست چەند کەسێکی بەدەسەڵاتو دەسترۆیشتووی دوو میرنشینەکەی ئەبوزەبیو دوبەیە. ئەگەر ئەم کەسانە لەگەڵ یەکتریدا لەسەر مەسەلەیەك رێککەوتن، ئەوا دەبێ میرنشینەکانی تر ملیان بۆ کەچ بکەن. پەیوەندی نێوان پێنج میرنشینەکەش پەیوەندیەکی فیدرالیەو دەسەڵاتی فیدرالیش کەخۆی لەدوو میرنشینەکەی ئەبوزەبیو دوبەیدا دەنوێنێ، دەستێکی باڵای لەدروستکردنو جێبەجێکردنی بڕیاردا هەیە بەبێ



ئەوەی میرنشینەکانی تر بتوانن بەسەختی بەرپەرچی بدەنەوە.

بەهۆی ئەوەشەوە کەدو میرنشینەکەی ئەبوزەبیو دوبەی لەناو ئەنجومەنی باڵادا مافی ڤیتۆیان هەیەو دەستیان بەسەر وەزارەتە گرنگەکاندا گرتووە، هەر یەکێکیان توانای ئەوەی هەیە کەهەر بڕیارێکی فیدرالی رەتبکاتەوە، ئەگەر هاتو وایدانا کەئەم بڕیارە لەگەڵ بەرژەوەندیدا ناگونجێت. دواجار، پەیوەندی ئەم دوو میرنشینە بەمجۆرە دەبێتە پەیوەندیەکی کۆنفیدرال چونکە ئەم دو میرنشینە لەهەمو میرنشینەکانی تر کەمتر پابەندن بەفیدرالیەکەوە، سەرەڕای ئەوەی کەهەردوکیان گرنگترین ئەندامی یەکێتیەکە پێکدێنن. بەڵام ئەوەی کەدادیان دەدا ئەوەیە کەئەم دو میرنشینە بودجەی پێویست بۆ دەوڵەتە فیدرالەکە دابین دەکەن ئەویش بەشێوەیەك کەهەر لە کۆمۆنوێلسێکی ئابوری دەچێت.

لەهەمبەردا، پێنج میرنشینە بچوکەکە دژی هەژمونی ئەبوزەبی‌و دوبەی نین چونکە ئەم هەژمونە بەناو هەژمونە ئەویش لەبەر ئەوەی کەهەر یەکێکیان لەململانێدان بۆ سەرکردایەتی کردنی دەوڵەتە فیدرالەکە. لەبەر ئەوە کارایی‌و کاریگەری ملکەچکردنی میرنشینە بچوکەکان کارایی‌و کاریگەریەکی لاوازو کزە. ئەمەش پەراوێزێکی جموجوڵی فراوان لەسیاسەتی ناوخۆییداو هەروەها هەندێ جار لەسیاسەتی دەرەوەدا بۆ میرنشینە بچوکەکان دابین دەکا کەئەمەش پێشێل کردنێکی ئاشکرای سیستەم‌و یاسا فیدرالیەکانەو دەستدرێژیشە بۆ سەر دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی.

ساڵانی هەوڵی تەمەنی دەوڵەتە فیدرالەکە هەڵسوڕانێکی بەراست فیدرالیانەی بەخۆوە بینی بەڵام ئەم هەڵسوڕانە لەساڵی ١٩٧٦دا پەکی کەوت چونکە لەو ساڵەدا دوبەی رازی نەبو سوپا یەك بخرێت. لەساڵی ١٩٧٩دا پاش تەنگژەی یاداشتەکە، هەوڵی کاراکردنی



فیدرالیەکە درا بەڵام ئەو هەوڵانە لەسۆنگەی گوشاری دەرەکیەوە پەکیان کەوت‌و پوکانەوە. ئیتر بەهۆی ئەمەوە داشی هێزە کۆنفیدرالیەکان سوار بوو. ئەوەی کەئێستا لەئیمارات هەیە سێ دەسەڵاتە کەبریتین لەدەسەڵاتی ئەبوزەبی‌و دەسەڵاتی دوبەی‌و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی فیدرال. لەهەمویان لاوازتر دەسەڵاتی حکومەتی فیدرالە کە نە لەبواری دەرەکیداو نە لەبواری ناوەوەدا توانیویەتی دەسەڵاتی خۆی بەکار بێنێ چونکە ئەم دەسەڵاتە ملکەچی دوو میرنشینە رکابەرەکەی ئەبوزەبی‌و دوبەیە کەهەر یەکێکیان هەوڵدەدا هەمو دامودەزگای خۆی هەبێ‌و هەر یەکێکیشیان هەر کات بیەوێ دەتوانێ سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ‌و جیا ببێتەوە کەدیارە ئەمەش دەبێتە هۆی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب وەك بەردەوامترین ئەزمونی فیدرال لەجیهانی عەرەب لەم سەردەمەدا.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە عەرەبییەکان


ابراهيم، سيد محمد

١٩٧٦ تنظيم السلطة في دولة الامارات العربية المتحدة. أبوظبـي: أوفست مطابع نيتكو الجرف، طعيمة

١٩٦٤ نظرية الدولة. القاهرة: مكتبة القاهرة الحديثة.

الجمل، يحيى

١٩٧٧ الأنظمة السياسية المعاصرة. القاهرة: دار الشروق.

الخطيب، عمر

١٩٨٢ ((التجربة الاتحادية لدولة الامارات العربية المتحدة: بين النصوص الدستورية والممارسات السياسية)). مجلة العلوم الاجتماعية السنة (١٠) ديسمبر ١٨٥-٢٣٣.

الداوود، محمود علي

١٩٨٠ الخليج العربى والعمل العربي المشترك. بغداد: مطبعة الارشاد.

الرميحي، محمد غانم

١٩٩٥ الخليج ليس نفطا: دراسة في اشكالية التنمية والوحدة، بيروت: دار الجديد.





الصالح، عثمان عبدالملك

١٩٨٩ النظام الدستوري والمؤسسات السياسية في الكويت. الكويت- كويت تايمز

الطبطبائي، عادل

١٩٧٨ النظام الاتحادي في الامارات العربية المتحدة، رسالة دكتوراه جامعة عين شمس القاهرة.

العقاد، صلاح

١٩٩١ التيارات السياسية في الخليج العربي: من بداية العصور الحديثة حتى أزمة ١٩٩٠-١٩٩١. القاهرة: مكتبة الأنجلو مصرية.

رأفت، وحيد

١٩٧٠ ((حول اتحاد الامارات العربية في الخليج)) المجلة المصرية للقانون الدولي، المجلد (٢٦)، السنة ٢٦: ١-١٥٨.

ربيع، محمد محمود

١٩٨٧ مناهج البحث في العلوم السياسية: الكويت: مكتبة الفلاح.

غنيم، عبدالرحمن والشاعر، محمد ابراهيم

١٩٧٨ الاستراتيجية القومية لدولة الامارات العربية المتحدة. دمشق: غ.م.

هوريو، أندريه

١٩٧٤ القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، ج١، بيروت: الأهلية للنشر والتوزيع.

وزارة الاعلام

١٩٧٢ الدستور المؤقت للامارات العربية المتحدة. أبوظبـي: المطبعة العصرية.

## گۆڤارو رۆژنامە

-الرأي العام ١٩٧٩/٣/٣٠أ عدد (٥٥٢٩) انظر المذكرة التي أعدتها امارة أبوظبـي ردا على مذكرة امارة دبي والمؤرخة في ١٩٧٩/٣/٢٥.

-الرأي العام ١٩٧٩/٤/١١ ب، انظر المقابلة مع رئيس الدولة الشيخ زايد بن سلطان.

الرأي العام ١٩٧٩/٥/٤ج عدد (٥٥٦٤) الكويت

-الاتحاد ١٩٨٤/٢/٥ عدد (٣٦٢٣) المحاضرة التي القاها وكيل وزارة العمل في الامارات.

-الخليج ١٩٨٥/٥/٣٠ أ عدد(٢٢٣٦) انظر سجل جلسة المجلس الوطني المنعقدة بتاريخ ١٩٨٥/٥/٢٩.

-مجلة الطليعة ١٩٨٥/٧/١٠ أ عدد (٧٧٩)، انظر مذكرة جمعيات النفع العام المرفوعة الى رئيس الدولة وأعضاء المجلس الأعلى للاتحاد.

-الطليعة ١١٩٨٥/٧/١٠ ب.



## سەرچاوە لاتینیەکان

Abdullah, M.M.
[illegible]: [illegible]
History. Haudoni Coom Helm U.K Brown. John L.
[illegible]
in Federal States. Lanham, MD: University Press of America.

Cotterll, A.
[illegible]: [illegible]
Survey. London: The John Hopkins Univerity Press

Dey, T.R. et al.
[illegible]. [illegible]
York: St.Martin Press.

Dey, T.R. & Zeigler, H.
[illegible]: [illegible]
lntroducion to American Politics California: Brook-Cole Publishing Company.

Duchek, l.

[illegible]

Dimension of Politics. New York: Holt Rinehart and Winston lnc.

Kelly A.H. & Harbison

[illegible]

and Development. New York: W.W.Norton Arel Company.

Khalifa. A.M.

[illegible]

Eragmentation. U.S.A

Mervin D.1993 The President of the United States New York: Harvester. Stephenson, G. et al.

[illegible]

Collins Publishers.

Remy, R. et al

[illegible]

York: Scribner Educational Pub lisher.

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| سیستمی فیدرال لەدەوڵەتی ئیماراتدا | ٥ |
| رێککەوتننامەی دوبەی و یەکێتی نۆ قۆڵی | ١٢ |
| تەگەرە سەرەکیەکانی بەردەم یەکێتیە نۆ قۆڵیەکەی | ٢٠ |
| تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی فیدراڵ | ٢٨ |
| دەوڵەتی فیدراڵ | ٣٠ |
| دوانەیی دەسەڵات | ٣٤ |
| رژێمی فیدرالی ئیمارات | ٤١ |
| دەسەڵاتی راپەڕاندن لەئەمریکا | ٦٦ |
| دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەمریکا | ٦٧ |
| دادوەریی فیدرالی ئەمریکا | ١٠٥ |
| سەرچاوەکان | ١١٣ |

# زنجیرەکانی هۆشیاری

| ژ. بڵاوکراوەکان | ژ. هۆشیاری | بابەت | نووسەر و وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤٥ | ١ | کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسین | ن. ئیسماعیل بێشکچی و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | ٢ | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ٣ | ئایین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ٤ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئایندەو ئاسۆکانی چارەسەر | تەحسین نامیق | ٢٠١٠ |
| ٣٥١ | ٥ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ٦ | ئایین و ئازادی بیروڕا | نووسینی: عەبدولڕەحمان مونیف | ٢٠١٠ |



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | و. عوسمان حەسەن شاکر | |
| ٢٥٣ | ٧ | نەتەوە چییە...؟ | ن. ئێرنست ڕینان و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | ٨ | پەرلەمان ـ سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | ٩ | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شۆرش حسن عمر | ٢٠١٠ |
| ٣٦٠ | ١٠ | ئایین و مۆدێرنە | مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەبییەوە یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | ١١ | المدارس السياسية الثلاثاء في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | ١٢ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ئەمریکادا | | |
| ٣٦٦ | ١٣ | ممیزات النظام الفدرالي | د. شورش حسن | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | ١٤ | جیهـــانگیری ، فاکتـــەرو گرفتەکانی دیموکراسی | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | ١٥ | پەیدابوونی عەلمانیەت | فرید اسسرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ١٦ | ئیسلامو مۆدێرنـە، ئیسلام لەبـــەردەم ئەگـــەری عەلمانیەتدا | ن. محمد رەزا شالگونی و. عوسمان حسن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | ١٧ | سیاســـەتی رووخســـاری نەتەوەیی کەرکوك | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ١٨ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ١٩ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك | بـــەختیار جـــەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | ٢٠ | بەشداریکردنی سیاسی | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |

## لەبڵاوکراوەکانی

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

## ساڵی (٢٠١٠ - ٢٠١١)

| ژ | ناوی بڵاوکراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| ٣٢٥ | حول الفدرالية - النظامان السويسري والعراقي — دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | ٢٠١٠ |
| ٣٢٦ | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | ٢٠١٠ |
| ٣٢٧ | جلال طالباني - مواقف و آراء | صلاح برواري | ٢٠١٠ |
| ٣٢٨ | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | ٢٠١٠ |
| ٣٢٩ | ٢٠١٠ ساڵی کۆنگرەی ڕووبەڕووبوونەوە | حاکم قادر حمەجان عزیز | ٢٠١٠ |
| ٣٣٠ | پرۆژەی مەکتەبی بیروهۆشیاری بۆدارشتنی بەرنامەی (ی. ن. ک) | عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣١ | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. کوردۆ عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٢ | مێژووی فەلسەفە | و. لە سویدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١٠ |
| ٣٣٣ | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندى | ٢٠١٠ |
| ٣٣٤ | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | ٢٠١٠ |
| ٣٣٥ | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | ٢٠١٠ |
| ٣٣٦ | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | ٢٠١٠ |
| ٣٣٧ | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | ٢٠١٠ |
| ٣٣٨ | ئایین و دەسەڵات | هاشم کەریمی | ٢٠١٠ |
| ٣٣٩ | فیمینیزم | ڕەسول سوڵتانی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٠ | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤١ | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | ٢٠١٠ |
| ٣٤٢ | زنجیرەیەک گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانییەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، کوردو میدیای | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | عەرەبی | | |
| ٣٤٣ | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات<br>ت: غسان نعسان | ٢٠١٠ |
| ٣٤٤ | رجعية القانون في الماضي علـى الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٥ | کوردەکـــان و مـــافی چـــارەی خۆنووســـین زنجـــیرەی هۆشـــیاری ، ژمـارە (١) | ئیسماعیل بێشکچی<br>و. ڕەوا حاجی | ٢٠١٠ |
| ٣٤٦ | سیستمی سیاسی سویسرا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٢) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٣٤٧ | ئـــاین و دەوڵـــەت لەمیســـری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٣) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٤٨ | گۆڤاری کەلتور | | ٢٠١٠ |
| ٣٤٩ | ڕۆژنامـــەی کـــوردی گۆڤـــاری هـــەولێر ســـاڵی (١٩٧٠ ـ ١٩٧٢) | ئامادەکردنی:<br>د. هیمدادی حوسێن | ٢٠١٠ |
| ٣٥٠ | ناوچە جێناکۆکەکان، ئاینـدەو | | ٢٠١٠ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | ئاسـۆکانی چارەســەر، زنجـیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٤) | تەحسین نامیق | |
| ٣٥١ | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٠ |
| ٣٥٢ | ئایین و ئازادی بیروڕا<br>زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (٦) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف<br>و: عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١٠ |
| ٣٥٣ | نەتەوە چییە...؟<br>زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (٧) | و. کامیل محمد قەرەداغی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٤ | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | يوسف يوسف | ٢٠١٠ |
| ٣٥٥ | بەعســـیزم و ســـەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | ٢٠١٠ |
| ٣٥٦ | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | ٢٠١٠ |
| ٣٥٧ | سپینۆزا | ن. هاشم صالح<br>و. ئارام ئەمین شوانی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٨ | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی<br>عادل عەلی | ٢٠١٠ |
| ٣٥٩ | الحصـانة البرلمانيـة في قـانون انتخـاب برلـمان كوردسـتان ـ | د. شورش حسن عمر ـ | ٢٠١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | | |
| ٣٦٠ | ئاین و مۆدێرنە<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١٠ | مستەفا مەلەكیان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>یاسین عومەر | ٢٠١٠ |
| ٣٦١ | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها<br>زنجیرەی هۆشیاری ژمارە ١١ | فريد اسسرد | ٢٠١٠ |
| ٣٦٢ | گۆڤاری کەلتوور | | ٢٠١٠ |
| ٣٦٣ | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی:<br>سالّح رەحمان | ٢٠١٠ |
| ٣٦٤ | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف<br>ت. عن الروسية:<br>احمد حيدر علي | ٢٠١٠ |
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | (١٢) | | |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ذ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانییەت لەتورکیای عوسمانییدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حسن ساکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٠٥٠- ١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | کورتە باسێکی<br>فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە: | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | کارزان کاوسێن | |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن و. لەئەڵمانییەوە: د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردى | مامۆستا جعفر ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوك ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |